دێمۆکراسی بۆ ئێران    خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٢ | ٤ی ئاوریلی ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٦٢ | ١٥٠ تمەن

## جموجۆڵی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە شەڕی ئەمریکاو ئینگلیس لەگەڵ عێراق

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی بە "کوردستان" گەیشتوون، کۆماری ئیسلامی لە بەخشنامەیەکی ڕەسمیدا داوای لە ڕادیۆو تەلەویزیۆنو ڕۆژنامەو هەموو ڕاگەیەنە گشتییەکان کردوە لە بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە هەواڵو ڕاپۆرتێك لە بارەی پێشڕەویو سەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراقدا خۆببوێرن.

ستادی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمیش داوای لە هێزەکانی کردوە پێش بە بڵاوبوونەوەو بەملاو بەولادا ڕۆیشتنی ئەفرادیان بگرن. هێزەکانی "احتیاط" و "اضطراری" و "بسیج مقاومت" بانگ بکەنەوەو خەریکی فێرکردنو ڕاهێنانیان بن. لەشکرەکانی ٦٤ی ورمێ، ٢٨ی سنە، ٨١ی زرێهی کرماشان (کە سەر بە ئەرتەشن) پێیان ڕاگەیەندراوە لە سنوورەکانی نێوان کوردستانی ئێرانو عێراق جێگیر بن. بە لەشکرەکانی ٤٧ی خورەمئابادو "حمزه سید الشهداو" و "٥ بعثت" (سەر بە سوپای پاسدران) ڕاگەیەندراوە لەو سنوورانە لەگەڵ ئەرتەش هاوئاهەنگی بکەن.

وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامییش ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو ١٣٨٢/١/١٧ دەچێتە ئانکارا تا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە لە بارە "نیگەرانییە هاوبەشەکانیان" (کە مەبەستیان زۆرتر داهاتووی کوردستانی عێراقە) پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیرو ڕاو بەرنامەڕێژی بکەن.

### لە ریورەسمی پیشوازی لە سالی نویدا

## سکرتیری گشتیی حیزب وتاری نەورۆزیی پیشکیش کرد

ئەمسالیش وەك سالانی رابردوو، لە یەکەم سەعاتەکانی سالی نویدا، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، ئەندامانی ریبەریو کادرو پیشمەرگە تیکۆشەرەکانو بنەمالە حیزبییەکان بۆ جیژنە پیرۆزەو پیشوازی لە سالی نوی، لە دەوری یەك کۆبوونەوە. ریورەسمی نەورۆزی ئەمسال بە سروودی نەورۆز دەستی پیکرد. پاشان هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە وتاریکی پیشکیش کرد. هاوریی سکرتیر لە وتارەکەیدا ویرای پیرۆزبایی نەورۆزو سالی نوی، ئاوری لە سالی رابردووو رەوتی خەباتو تیکۆشانی خەلکی ولاتەکەمان دژ بە دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی لەو سالەدا دایەوەو دوورە دیمەنی ئەو خەباتەی لە سالی نویدا گەشو روون ناو برد. بە دوای وتارەکەی مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادەدا، چەند سروودو گۆرانیی دیکە پیشکیش کران. پاشان نۆبە گەیشتە پیرۆزبایی لیکترکردنی بەشداران. مەراسیم لە نیو شیرینی خواردنو چەپلەو شادی نواندنی بەشداراندا کۆتایی هات.

**سەرنجتان بۆ دەقی وتارەکەی سکرتیری گشتیی حیزب لە لاپەرەی ٢ی ئەم ژمارەیەدا رادەکیشین.**

## پەیمان نویکردنەوە لەگەڵ شەهیدانی کوردستان لە ١٠ی خاکەلیوەدا





رۆژی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٨٢ لە پەنجاو شەشەمین سالرۆژی لە سیدارە درانی قازی محەممەددا، لە یەکیك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی ریورەسمیك بە بەشداریی سکرتیری گشتیی حیزبو ئەندامانی ریبەریو ژمارەیەکی زۆر لە بنەمالەی سەربەرزی شەهیدانو سەدان کەس لە کادرو پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەریوەچوو.

ریورەسمەکە بە سردووی "ئەی شەهیدان" دەستی پیکرد. پاشان هاوریی بەریز کاك حەسەن رەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتیی حیزب بەو بۆنەیەوە پەیامی دەفتەری سیاسیی پیشکیش کرد (کە لە لاپەرە ٣ی ئەم ژمارەیەدا دەقی پەیامەکە بلاو بۆتەوە). نیوئاخنی بەرنامەکان چەند سروودیکی شۆرشگیرانە بە دەنگی هونەرمەندانی پیشمەرگەو چەند شیعرو پەخشانی ئەدەبی لە لایەن شاعیرانو ئەدیبانی نیشتمانپەروەرەوە بوون.

شایانی باسە ریورەسمەکە کاتژمیر ١١ی پیش نیوەرۆ دەستی پیکردو نزیك بە ٢ سەعاتی خایاند. دوای تەواو بوونی ریورسمەکە بەشداران سەردانی پیشانگای وینەی شەهیدانی حیزبو گەلیان کرد کە بەشی شەهیدان سەر بە کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتیی حیزب پیکی هینا بوو.

## مەجلیس بە دوای رەتکرانەوەی لایەحەی دەسکاریی قانوونی هەلبژاردندا، چ دەکا؟



بە دوای رەتکرانەوەی لایەحەی دەسکاریی قانوونی هەلبژاردن لە لایەن شوورای نیگابانەوە لەم دواییانەدا، بۆ زۆر لایەن ئەو پرسیارە هاتۆتە پیش کە مەجلیس بەرامبەر بەو کردەوەیەی شوورای نیگابان چ هەلویستیکی دەبێ؟ لەو پیوەندییەدا رەجەبعەلی مەزرووعی ئەندامی مەجلیسو سەرۆکی ئەنجومەنی سینفیی رۆژنامەنووسانی ئیران لە وتوویژ لەگەڵ هەوالدەریی ئیرنادا رایگەیاند: "مەجلیسی شوورای ئیسلامی لەسەر گەلالەی گۆرینی قانوونی هەلبژاردن شیلگیرەو پاشەکشە ناکاو، ئەگەر ببینێ هیچ ریگایەك بۆ بەرەوپیش بردنی ئەو پەسندکراوەی مەجلیس نیەو شوورای نیگابان ملی بۆ نادا، دەیخاتە بەر ریفراندۆم." مەزرووعی گوتی: "ئیمکانی ئەوە نیە کە ئەو پەسندکراوەیە بۆ مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام بنیردرێ. چونکە زۆرایەتیی مەجلیس لەسەر ئەو بروایەیە کە پیکهاتەی مەجمەعو کردەوەکانی رابردووی نیشان دەدەن کە هاورییەتیی شوورای نیگابان دەکا." نوینەری خەلکی ئیسفەهان لە مەجلیس گوتی: "رەفتاری شوورای نیگابانو کردەوەکانی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام وایان کردوە ریگایەك جگە لە ریفراندۆم نەمینیتەوە."

سەرەرای ئەو قسانەی مەزرووعیش، بەو هۆیەوە کە مەجلیس تا ئیستا نەیتوانیوە یا نەیویستوە هەلویستیکی جیددی لە بەرامبەر ئەو ناوەندە داسەپاوانەی ریژیمدا بگرێ، چاوەروان ناکرێ ئەو قسانەی ناوبراو وەراست بگەرێ. جگە لەمەش هەروەك زۆر کەسایەتیو ریکخراوی ئازادیخوازی ئیران بە هەق گوتوویانە، بە دەسکاریو گۆرینی هیندیك یاسا، هیچ شتیکی بنەرەتی ناگۆرێو کیشەو داخوازە سەرەکییەکانی خەلك تەنیا بە نەمانی ئەو ریژیمەو هاتنە سەرکاری نیزامیکی دیموکراتیك دیتە دی.

## خۆ بواردنی خەلکی ئیران لە چوون بۆ خۆپیشاندانی دەولەتی لە دژی شەر

رۆژی هەینی، ٨ی خاکەلیوە بە دوای نویژی هەینیدا لە تارانو زۆر لە شارەکانی دیکەی ئیران، خۆپیشاندانی دەولەتی لە دژی شەر وەریخرا. ئەو خۆپیشاندانە کە چەند رۆژ بوو لە لایەن رادیۆو تەلەویزیۆنو بەرپرسانو دەمراستەکانی ریژیمەوە تەبلیغاتی بۆ دەکرا ، لە راستیدا لە دژی دوو ولاتی ئەمریکاو ئینگلستان وەری خرابوو. ریژیم پیشبینیی ئەوەی کردبوو خەلك پیشوازی لەو بانگەوازەی ناکەن، هەر بۆیە خۆپیشاندانەکەی خستبووە دوای نویژی هەینی تا هەر نەبی نویژکەران تییدا بەشدار بن. بەشدارانی ریپیوان لە تاران ئالای ئەمریکاو ئیسرائیلو وینەی سەرکۆماری ئەمریکا، سەرۆك وەزیری ئینگلستانو سەرکۆماری عیراقیان ئاگر تیبەردا. هەروەها ژمارەیەکیان چوونە بەردەرکی سەفارەتی ئینگلستان، بەردیان



بە شیشەی پەنجەری ساختومانی ئەو سەفارەتە داداو داوایان کرد ئەو سەفارەتە دابخری، کە پۆلیس بلاوەی پیکردن.

**کۆمیتەی هاوهەنگاویی بزووتنەوەی خویندکاری سوپاسی خەلکی ئیرانی کرد کە نەچوونەتە خۆپیشاندانی وەریخراو لە لایەن دەسەلاتدارانەوەو قبوولیان نەکردوە بەریوەبەرانی ریژیم ئەوان بۆ مەبەستەکانی خۆیان بیننە سەر شەقامەکان.**

### هاشمی ئاغاجەری

## خەلاتی ئازادیی بیرورا دەربرینی پیدرا

دامەزراوی نا دەولەتیو بە ناوبانگی ئیندیکس Index on Censorship کە یەکیك لە چالاکترین دامەزراوە نیونەتەوەییەکانی خەبات لە پیناوی ئازادیی بیرورا دەربرینە، خەلاتی ٢٠٠٣ی خۆی پیشکیشی دوکتور هاشمی ئاغاجەریو سی رۆژنامەنووسی دیکە لە ولاتانی بیرمە، چینو تونیس کرد. ئەو سی کەسە بریتی بوون لە ١ـ "یووین تین"، سەرنووسەری هانتاواتی کە بە ١٣ سال زیندان مەحکووم کراوەو لە چواری ژوئیەی ١٩٩٨ەوە لە زیندانە. ٢ ـ "گائۆ چینرۆنگ" هەوالنووسی هەوالدەریی رەسمیی چین کە لە ٣ سال لەمەوبەرەوە، ١٣ سال زیندانی دراوەتیو هەروا لە بەندیخانەیە. ٤ـ موختار یەحیایی کە پاش نووسینی نامەیەك بۆ سەرکۆماری تونیس لە سالی ٢٠٠١دا، چەندین جار ئازارو ئەشکەنجە دراوەو لە ژیان لە زیدەکەی خۆی بیبەش کراوە.

پیویستە بگوتری خەلاتەکەی ئاغاجەری، مەسعوود بیهنوود، رۆژنامەنووسی ئیرانی وەریگرتو گوتی درانی ئەم خەلاتە بە ئاغاجەری مانای بایەخدانی ئازادبیرانی جیهان بەو کەسایەتییەیە.

ئاغاجەری لیکۆلەرو مامۆستای زانستگە کە سالی رابردوو بە دوای پیشکەش کردنی وتاریك، بە ئیعدام مەحکووم کرا، سەرەرای داوای خامەنەییو دەزگای قەزایی بۆ چاوخشاندنەوە بە حوکمەکەیدا، هەروا لە زیندانە.

## دۆنالد رامسفیلد ئیرانو سووریەی وریا کردەوە

وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە ئاخاوتنیکدا رایگەیاند کە لە سنووری سووریەوە یارمەتیی نیزامی دیتە نیو عیراق. رامسفیلد ئەمەی بە کردەوەیەکی دوژمنانە داناو گوتی ئەمریکا، سووریە لەم کارە بە بەرپرسیار دەزانی . نابراو ئەو چاویلکانەی لە شەودا بۆ بینین بە کار دەهینرین، بە بەشیك لەو کەلوپەلە قاچاغانە ناوبرد کە لە سووریەوە دین بۆ عیراقو بوون بە هۆی دژواریی عەمەلیاتی نیزامی لە عیراقدا.

دۆنالد رامسفیلد ریژیمی ئیرانیشی وریا کردەوە کە واز لە پشتیوانیی "هیزەکانی بەدر"و رەوانە کردنیان بۆ نیو خاکی عیراق بینی. لەو بارەوە گوتی: کۆماری ئیسلامی لە چالاکیی سوپای بەدر لە خاکی

٤ شهید بەیداخی لووتکەی هەڵویستی ئینسانە

٤ یادێك لە دوو شەهیدی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦

٥ کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی عێراق دەگری یا بۆ خۆی؟

٥ سێهەمین کۆبوونەوەی جیهانیی ئاو لە ژاپۆن

٨ ٣٠ساڵەی شەهید بوونی قادر وێردی

٩ محەممەدی نانەوازادە یەکەم فەرماندەی شەهیدی کۆماری کوردستان

٩ بەڕێوە چوونی ڕێورەسمی نەورۆز لە زۆربەی شارەکانی کوردستان

١٠ سەبارەت بە ریفراندۆمی ١٢ی خاکە لیوەی ١٣٥٨

١٠ هەنگاویکی باش لە پیناوی بەهیزکردنی یەکیەتیی میللی دا

# پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب
# هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە





**خوشك و برا بەڕێزەکان!**
**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستی بە دڵێکی پڕ لە هومێد بە دوارۆژی گەلی کوردو هەموو خەڵکی ئێرانەوە لە جیاتی خۆم‌و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەرمترین پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز، جێژنی لەمێژینەی کوردان‌و ئێرانی‌یەکان لە ئێوە، لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە تێکڕای گەلانی ئێران‌و لە هەموو ئۆگرانی نەورۆزو بەهار، جێژن‌و شادمانی‌و نوێ‌بوونەوەو نوێخوازی لە سەرانسەری جیهان دا دەکەم‌و بۆ هەمووان لە ساڵی نوێ، ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی دا ژیانێکی پڕ بەختیاری‌و خەباتێکی پڕ راپەڕو هەر لەو کاتەدا پڕ دەسکەوت‌و سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

گومانم لەوەدا نیە کە بۆ ئێوەش هەروەك من زۆر ناخۆشە کە ئەمساڵیش جێژنی نەورۆز لە دووریی ئازیزان‌و لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆشەویستمان دا دەکەینەوە. بەڵام ئەوەشم لێ‌روونە کە هەمووی ئێمە ئەگەر لەشمان لێرەیە، گیان‌و بیرو هەست‌و هۆشمان لەسەر خاکی نیشتمان‌و لە نێو کۆڕی ئازیزان‌و هاوڕێ‌و هاوسەنگەرەکانمان لە نێوخۆی کوردستان‌و ئێران دایە. ئەوەی رەنج‌و ئازاری دوورولاتی لەسەر هەموواغان ئاسان دەکا، ئەو راستی‌یەیە کە لەسەر نیشتمان لە نیشتمان دوورین‌و لە پێناوی بەختیاریی گەلەکەمان دا لە باوەشی گەلەکەمان بێ‌بەشین. هەر لەو کاتەدا لێرەش‌و لە هەر کوێی دیکەش بین گەرمیی ئەو باوەشە هەست پێ دەکەین.

نەورۆزو بەهار هەمیشەو لە هەموو جێیەك لە ژیانی سروشتیی ئینسانەکان دا پەیامهێن‌و مزگێنیدەری خۆشی‌و فەرعانی‌و رزگاری لە تەنگانەو سەغڵەتی بوون. لە نێو کوردان دا لەوەش زیاتر، هاتنی نەورۆزو بەهار بە دەرفەتێك بۆ رزگاری لە هێندێ کۆت‌و بەندی ژێر دەستەیی‌و بێدەسەڵاتی‌و بێدەرەتانی دانراوە. رەنگە زۆر لە ئێوە وەبیرتان بێتەوە کە کوردانی گیرۆدەی دەستی زۆرداری هەمیشە چاوەڕێ بوون سەرماو سەغڵەتیی زستان بەسەر بچێ، هەرزانی‌و فەرعانی دابێ‌و کورد گوتەنی "بن دەوەن خۆش بێ" تا بتوانن نیری دیلی لە شان‌و پیلی خۆیان دامالن‌و هەقی خۆیان لە زۆرداران‌و مافخۆرانیان بکەنەوە.

لە کوردەواری دا مەسەلێك هەیە دەڵێ "چێشتی خۆش لە ئەنگۆڕێوە دیارە" بەهاری ئەمساڵی کوردستان‌و ئێران لەمێژە دێمانەی داوە. ئەو شکست‌و ناکامی‌و ریسوایی‌یانە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوژمنی جێژن‌و بەهارو ئازادی‌و مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان‌و سەرانسەری ئێران لە چەند مانگی رابردوو دا تووشیان هاتوە، مزگێنیی بەهارێکی پڕ پیت‌و فەڕو ساڵێکی پڕ دەسکەوت‌و سەرکەوتن بە گەلانی ئێران دەدەن. گرنگ ئەوە نیە کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش سێبەری شوومی خۆی بەسەر وڵاتەکەمان دا کێشاوە. ئەوەش گرنگ نیە کە قۆڵی هەرە دوژمن بە ئازادی لەنێو تاقمی دەسەڵاتداردا تا ئێرە باڵادەستەو لە نیو ساڵی دوایی‌دا زیاتر لە جاران چنگ‌و ددانی بە خەڵك نیشان داوەو ئازادیخوازانی گرتوون‌و زیندانیی کردوون، ئەشکەنجەو ئازاری داون‌و زۆریشیانی ئیعدام کردوون. چونکە هەمووی ئەمانە نیشانەی بێ‌هیوایی دەسەڵاتداران‌و لە راستی‌دا پەلەقاژەی سەرەمەرگن. گرنگ‌و جێگای هومێد ئەوەیە کە خەڵکی ئێران هەموو جۆرە گومانێکیان لەبارەی ئیسلاحبوونی رێژیمەوە لە خۆیان دوور خستۆتەوەو بڕیاریان داوە بە یەکدەست بەگژ تەواوەتی کۆماری ئیسلامی دا بچنەوە. ئەمە بە باوەڕی من سەرەتای رەوتێکی تازە لە خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئێرانە کە کۆتایی‌یەکەی لاچوونی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دایە.

ریزبەندی‌یەکی وشیارانە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چین‌و توێژو نەتەوەو دەستەو تاقمە سیاسی‌و فیکری‌یە جیاوازەکانیانەوە بەرامبەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو قۆڵ‌و ئۆرگان‌و نیهادە جۆراوجۆرەکانیەوە لە رەوتی هەڵبژاردنی "شووراکانی شارودێ"دا لە خۆیان نیشان دا، هوشدارێکی روون‌و راشکاوانە بە رێژیمی فەرمانڕەوا بوو کە زۆر لە دەمڕاستەکانی ئەم رێژیمەی بە توندی راچڵەکاند. ئەم هوشدارە پشتیوانە لاوەیی‌یەکانی کۆماری ئیسلامییشی تا رادەیەکی زۆر لە خەو راپەڕاندو تێی گەیاندن کە بۆ پاراستنی قازانجەکانیان لە دوارۆژدا، پێویستە بەرە بەرە پشت بکەنە کۆماری ئیسلامی‌و هێڵێکی پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێران دا دروست بکەن. ئەمە دەری دەخا کە دنیای دەرەوەش ئەمڕۆ تێ‌گەیشتوە کە رێژیمی ئێستای ئێران شانسی مانەوە لە دەسەڵاتی دا کەم بۆتەوەو ئەوان ئەگەر بە وەخت نەجوولێن یاری‌یەکە دەدۆڕێنن‌و سەریان بێ‌کڵاو دەمێنێتەوە.

ئاماژە بۆ ئەم دیاردەیە بۆیە پێویستە، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی دروشمی نەزان خەڵەتێنی "نە شرقی نە غربی" دەستەوداوێنی رۆژهەڵات‌و رۆژئاواو شیمال‌و جنووب بوون بۆ ئەوەی بتوانن تەمەنی دەسەڵاتی دژی ئازادیی خۆیان چەند ساڵێك، چەند مانگێك‌و تەنانەت هەر نەبێ چەند حەوتوویەك درێژتر بکەنەوە. ئەم قسەیە بۆ ئەوە نیە کە ئێمە چاوەڕێ بین ئەو دەستە غەیبی‌یە کە رۆژێك لە دەرەوەڕا هات‌و کۆماری ئیسلامیی وەك مۆتە سواری شان‌و پیلی گەلانی ئێران کرد، رۆژێکی دیکە بێ شەڕی وی لەسەر خەڵك کەم بکاتەوە. بەڵام ئەوە گرنگە کە ببینین ئەم حکوومەتە پشتیوانە لاوەیی‌یەکانی لە پشت نەماون‌و لەوەش زیاتر، دنیای دەرەوە رێژیمی بەو جۆرە کە هەیە، ناسیوە. ئەگینا کۆماری ئیسلامی دەبێ هەر بە دەستی ئێرانی‌یەکان‌و بە هەوڵ‌و خەباتی ئێرانی‌یەکان لەسەر کار لابچێ.

لە هەڵبژاردنی رۆژی ٩ی رەشەمەی رابردوودا خەڵکی ئێران بە تایبەتی لە پێتەخت‌و شارە گەورەکانی وڵات دا پەیامێکی روون‌و لێبڕاوانەیان بە گوێی دەسەڵاتداران‌و بە تایبەتی قۆڵی ناسراو بە ریفۆرمخواز گەیاند.

ئەگەرچی ئەو پەیامە لەوە روونتر بوو کە پێویستی بە ماناکردنەوەو لێکدانەوە هەبێ. بەڵام دەرکەوت کە هەر نەبێ بەشێك لە مۆرەکانی نێو دەسەڵات ـ لە هەردوو قۆڵەکە ـ وەریان نەگرتوە. چونکە هێندێك لە دەمڕاستەکانی قۆڵی پاوانخواز ئاکامەکانی هەڵبژاردنیان بە سەرکەوتنی خۆیان‌و تێشکانی قۆڵی‌ناسراو بە ریفۆرمخواز داناو لە بەرامبەر دا هێندێ مۆرەی قۆڵەکەی دیکەش هەڵوێستی لێبڕاوانەی دەنگدەرانی ئێرانیان بە شتێکی کاتی‌و هەڵچوون‌و تووڕە بوونێك لە بەناو ریفۆرمخوازان زانی. ئەوانە پێیان وابوو ئەگەر ئەم هەڵوێستە ستراتیژیك بێ، لە کورت خایەن دا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی توندڕەوەکان‌و لە درێژخایەنیش دا دەبێتە مایەی زاڵبوونی دەسەڵاتێکی بێگانە بەسەر ئێران دا. بەڕاستی جێی سەرنجە کە بزانین ئەوانەی رۆژێك لە رۆژان هەر نەبێ بەشێك لە خەڵکی ئێران هومێدیان پێ بەستبوون‌و بەو هیوایە دەنگیان دابوونێ کە ئازادی‌و دێموکراسییان بۆ وەدی بێنن، چەندە بێ‌باوەڕ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکن‌و چۆن پێیان وایە جگە لەو دوو قۆڵەی لەسەر کورسیی دەسەڵات لەبەر یەك راوەستاون، لە ئێران دا هێزێك نیە دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ!!

بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی هەردوو قۆڵی نێو دەسەڵات، حەرەکەتی خەڵك کەوتۆتە سەر رێبازی دروستی خۆی‌و بێ‌پەردە رووی لە تەواوەتی کۆماری ئیسلامی‌یە. شنەبای ئازادی لە نێوخۆی ئێران‌و راست لە نێو کۆمەڵی ئێران دا هەڵی کردووەو زۆر ناخایەنێ کەدەبێتە گەردەلوول‌و دەزگای دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی لەگەڵ دوکانی دووڕوویی‌و بێکارەیی پێکەوە دەپێچێتەوە. دیارە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی وڵاتەکەمان هەقی بێ ئەم‌لاو ئەولای خۆیەتی بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی‌و کۆڕوکۆمەڵە جیهانی‌یەکانی لایەنگری ئازادی‌و دێموکراسی هەوڵ بداو بۆ زیاتر ناساندنی رێژیم‌و گێڕانەوەی دەوڵەتانی بێگانە لە پشتیوانی‌کردنی، تێ‌بکۆشێ. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی کاربەدەستانی رێژیم، ئەم بزووتنەوەیە لە قووڵایی کۆمەڵی ئێراندا سەری هەڵداوەو دەسەڵاتی دوارۆژی ئێرانیش هەر رۆڵەکانی ئەم ئاوو خاکە بە دەستیەوە دەگرن.

هاورییانی خۆشەویست، تیکۆشەرانی دیموکرات! خەباتی گەلی کوردو گەلانی ئیران بە قۆناخیکی ناسك دا تێ‌دەپەرێ. ئاسۆی خەبات لەبەرچاومان روونەو سالی نوێ بە دنیایەك هیواو ئاواتەوە دەست پێ دەکەین. هەر ئەوەندەمان لەسەرە تێ‌بکۆشین جێ دەستمان لەسەر رووداوەکان دیار بێ، لە جاران زیاتر لە گەلەکەمان‌و لە ئاوات‌و ئامانجەکانی نیزیك بین‌و پیوەندیی خەباتگیرانەمان لەگەڵ ریکخراوە دیموکراتی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری پتەوتر بکەین. لەبیرمان نەچێ کە خەلکی کوردستان‌و بەشیکی زۆر لە خەلکی ئیرانیش لە خەبات بۆ ئازادی‌و دیموکراسی‌دا حیسابیکی تایبەتی لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەکەن. ئەرکی هەموومانە تێ‌بکۆشین چاوەروانیی گەلەکەمان وەدی بینین‌و نیشان بدەین شیاوی ئەو متمانەیەین.

**سلاو لە نەورۆزو بەهار.**
**سلاو لە ئازادی‌و ئازادیخوازان لە کوردستان و سەرانسەری ئیراندا.**
**سلاو لە ژنان‌و پیاوانی رووناکبیرو شۆرشگیر کە رۆژ لە رۆژ زیاتر مەشرووعییەتی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ژیر پرسیار.**
**ورەتان بەرزو هەنگاوتان پتەو و ئیرادەتان پۆلایین‌و نەورۆتان پیرۆزبێ.**

---

## پەیامی فرانسوا هولاند سکرتیری یەکەمی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە بۆ خەلکی ئیران‌و ئیرانی‌یەکانی نیشتەجیی فرانسە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە

خەلکی ئیران هەموو سالیك بە بۆنەی هاتنی نەورۆزەوە، رۆژی ٢١ی مارس دەکەنە جیژن. نەورۆز بۆ خەلکی ئیران‌و چەند گەلیکی دیکەی ناوچەکە لە کاتیك‌دا کە مزگینیدەری سالی نوی‌یە،دەسپیکی وەرزی بەهاریشە. جەژنی نەورۆز کە لە کەلتوورو دیرۆکی ئیراندا ریشەیەکی کۆنی هەیە، بۆ خەلکی ئیران هیمای ئازادی، هیواو ڤەژینە. بۆیە نەك هەر ریزیکی تایبەتی لە لای ئیوە هەیە، بەلکوو یەکیك لە هۆکارە بنچینەیی‌یەکانی ناسنامەکەشتان پیك دینی. ئەمن زۆر خۆشحالم بەوەی کە لە لایەن حیزبی سوسیالیستی فەرانسەوەو هەروەها لە لایەن خۆمەوە، پیرۆزبایی گەرموگۆری خۆم بەو بۆنەیەوە پیشکەشی فەرانسەیی‌یە بە رەگەز ئیرانی‌یەکان بکەم.

ئیوە جەژنی نەورۆزی ئەمسال لە هەلومەرجیکی تایبەتی‌دا دەکەن. هیشتا کیشەی تالیبان لە ئەفغانستاندا بەتەواوی نەبراوەتەوەو کاریگەریی بە سەر ئیوەوە ماوە کە شەری ئامریکا لە عیراق دا نیگەرانی کردوون. لە نیوخۆشدا هیزە پیشکەوتنخوازو لایەنگرەکانی کۆمەلگەی شارستانی نرخیکی گرانیان لە خەباتی ئاشتییانەیاندا لە پینAVی جیگریی ئازادی، ریفۆرم‌و دیموکراسی‌دا داوە. هەتا دی پتر لەگەل دژکردەوەی توندی هیزە دژی گەلی‌یەکاندا بەرەوروو دەبنەوە. ئەمن ریزم هەیە بۆ ورەی پتەوو ئازایەتیی ئەم هیزە ئازادیخوازانەو هیوادارم کە ئیران بەرەو گۆرانکاری‌و پیکهاتنی کۆمەلگایەکی نویترو دیموکراتیکتر بڕواو پیگەی شیاوی خۆی لە ناوچەکەو جیهاندا وەدەست بینی.

سەرەرای هەلومەرجی پر تەمومژی ئیستا ئەمن ئاواتەخوازم کە سالی نوی پەیامی ئاشتی‌و بەختەوەریی بۆ ئیوە پی بی.

فرانسوا هولاند
سکرتیری یەکەمی حیزبی
سوسیالیستی فەرانسە

---

## بۆ گەلی کوردو کۆمەلەی کوردەکانی دانیشتووی فەرانسە بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە

گەلی کورد هەموو سالیك بە بۆنەی هاتنی سالی نویوە ٢١ی مارس دەکاتە جەژن. نەورۆز بۆ گەلی کوردو گەلانی ئیران هەروەك چۆن مزگینیدەری سالی نوی‌یە، دەسپیکی وەرزی بەهاریشە. جەژنی نەورۆز کە رەگ‌و ریشەیەکی قوولی چەندین هەزار سالەی لە نیو کەلتوورو میژووی ئیراندا هەیە، بۆ گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئیران، هیمای ئازادی،هیواو ڤەژینە. بۆیە نەك هەر بۆ ئیوە گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە، بەلکوو یەکیك لە بنەماکانی ناسنامەی ئیوە پیك دینی. بۆ من زۆر جیگەی خۆشحالی‌یە کە لە لایەن حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو هەروەها لە لایەن خۆمەوە بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی‌یەکی گەرموگور لە کوردە فەرانسەیی‌یەکان، کۆمەلەی کوردەکانی دانیشتووی فەرانسەو سەرجەم گەلی کورد بکەم.

ئیوە نەورۆزی ئەمسال لە باردۆخیکی تایبەتی‌دا دەکەنە جەژن. سەرەرای ئەو کرانەوە یەکجار کەمەی کە لە ئیران‌و تورکیادا رووی داوە، گەلی کورد هەروەك جاران بۆتە قوربانیی فەرق‌و جیاوازیی سیاسی، سەرکوت‌و هەلنەدانی باری ئابووری. لە ئیراندا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە حیزبیکی هەلوەشاوە ناو دەبری. لە تورکیەش‌دا حیزبی دیموکراسیی گەل[HADEP] ، ماوەیەك لە مەوبەر هەلوەشینراوەتەوە. کوردەکانی عیراق لە کاتی شەردا جەژنی نەورۆز دەکەنەوە. ئەوان هیوادارن کە لە حوکمی دیکتاتۆری رزگاریان بی. بەلام ئەو مەترسی‌یەی کە لە لایەن ولاتیکی جیرانیانەوە هەرەشیان لی دەکاو هەروەها نادیار بوونی چارەنووسیان لە پاش شەرەکە، نیگەرانی کردوون.

لە کۆتایی‌دا لە ناخی دلمەوە ئاواتەخوازم کە ئەم شەرە، کوشتارو دەربەدەریی لەمە زیاتری کوردەکانی لی‌نەکەویتەوەو هەروەها هیوادارم سالی نوی زیدەباری هەلومەرجی ناروونی ئیستا، پەیامی ئاشتی‌و بەختەوەریی کوردەکانی پی‌بی.

فرانسوا هولاند
سکرتیری یەکەمی حیزبی
سوسیالیستی فەرانسە

---

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب به بۆنەی ١٠ی خاکەلیوه ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە

**(کە لە لایەن هاوڕیی بەریز حەسەن ڕەستگارەوە پیشکیش کرا)**







**خەلکی خەباتگیری کوردستان!**

**هاوڕییانی تیکۆشەر!**

١٠ی خاکەلیوەی ئەمساڵ پەنجاو شەش ساڵ بە سەر شەهید بوونی پیشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستانو هاوریکانیدا تێدەپەڕێ. حیزبی ئیمە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبی پیشەوا قازی محەمەد، ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی ڕیزنانو یاد کردنەوەی هەموو شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو شەهیدانی ریگای ئازادیی گەلە ماف خوراوەکەمان داناوە. هەر بۆیە بەم بۆنەیەوە ئەندامانی حیزب لە هەر جیگایەك بۆیان بلوێ لەم ڕۆژەدا یادی شەهیدە سەربەرزەکانی حیزبو گەل بەرز رادەگرنو سەری ریزیان بۆ دادەنوینن. ١٠ی خاکەلیوەی ئەمسالیش دەرفەتیکی دیکەیە بۆ ئەوەی تیکۆشەرانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو خەلکی خەباتگیری کوردستان بەگشتی بە هەر شیوەیەك بۆیان دەگونجێ، ریز لە یادی ئازیزانی شەهیدیان بگرن.

ریژیمی گۆڕکراوی پاشایەتیی ئیران بە شەهید کردنی پیشەوا قازی محەمەدو هاوریکانی پیی وابوو کە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان دەوەستینێو کاروانی لە پسان نەهاتووی ریگای رزگاری پەك دەخا. لەوە غافڵ بوو کە ئەو ئاگرەی بە هەلکرانی ئالانی کۆماری کوردستان بە دەستی پیشەوای نەمر لە ئاگردانی هەر مالە کوردیك دا هەل گیرسا، نەك هەرگیز کوژانەوەی بۆ نیە، بەلکوو ڕۆژ بە ڕۆژ بە تین تر دەبێو هەتا ئەو ڕۆژەی هەموو ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان وەدی دین هەر دەگەشیتەوە.

میژووی پەنجاو حەوت سالی رابردووی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئەو راستییە دەسەلمینێ کە بە دریژایی تەمەنی ریژیمی حەمەرەزاشای پەهلەویو بیستو چەند ساڵ تەمەنی ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران، ئالای خەباتی حیزب لە شەکانەوە نەکەوتوە. رۆلە شۆرشگیرەکانی حیزبمان لە هەموو هەلومەرجیك داو لە دژوارترین قۆناخەکانی ژیانی گەلەکەمان دا، هەر چەشنە مەترسی، زیندان، ئەشکەنجەو تەنانەت کوشتنیان قبوول کردوە، بەلام هەرگیز سەری تەسلیمیان بۆ دوژمنانی ئازادیی گەلەکەمان دانەنواندوە.

پیلانی کاربەدەستە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران بۆ تیرۆری ریبەرانی مەزن و لیوەشاوەی حیزبی دیموکرات، شەهیدان دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندیو هاوریکانیان، تیکۆشەرانی دیمۆکراتیان لە خەبات بۆ وەدیهینانی ئامانجی ئەو شەهیدە سەربەرزانە سارد نەکردەوە.

ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران بۆ پاراستنی دەسەلاتی زۆردارانەی خۆی تا ئیستا لە هیچ تاوانو جینایەتیك لە دژی ئازادیخوازانو تیکۆشەرانی گەلانی ئیران بەگشتیو گەلی کورد بە تایبەتی دەستی نەپاراستوە. کۆشتنی بە کۆمەلی زیندانییانی ئازادیخوازی ئیران لە گرتووخانە بەدناوەکان دا، کوشتارو قەلاچۆکردنی خەلکی گوندەکانی دەوروبەری شنۆو مەهابادو نەغەدەو میاندواو، تۆپو خومپارە بارانی شارەکانی سنەو سەقزو مەهاباد و شارۆچکەکانی دیکەو، کوشتنی سەدان کەس لە خەلکی ئاسایی ئەو شارانە، لە کردەوە درندانەکانی ئەو ریژیمەن. ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران هەر بەوەشەوە نەوەستاوە کە لە نیو ولاتی ئیران دا تیکۆشەرانی ئازادیخواز لە نیو بەرێ، بەلکوو ئەوەندەی بۆی کرابێ بە پیچەوانەی هەموو یاسایەکی نیونەتەوەیی، ئازادیخوازانی ئیرانی لەو ولاتانی ئورووپایی، تورکیەو عیراق تیرۆر کردوە. هەر لە کوردستانی عیراق زۆرتر لە دووسەد کەس لە ئازادیخوازان کە زۆربەی هەرە زۆریان لە تیکۆشەرانی دیموکرات بوون بە دەستی بەکریگیراوانی ئەو ریژیمە تاوانبارە تیرۆر کراون.

هەر چەند لەم چەند سالەی دواییدا بەشیك لە خەلکی ئیران بە دەنگدان بە خاتەمی بۆ پۆستی سەرکۆماریو هینانە سەرکاری داروودەستەکەی کە ئیددیعایان دەکرد ئالوگۆر لەوەزعی سیاسی، کۆمەلایەتیو ئابووریی ئیران دا پیك دینو خەلکی لە مافی بەرامبەری شەهروەندی کەلك وەردەگرن، دەرفەتیان دا بە قۆلیك لە قۆلەکانی ریژیم. بەلام زۆری نەخایاند دەرکەوت نەخاتەمیو نەداروودەستەکەی ئەو کەسانە نین کە بتوانن ئالوگۆری بنەرەتی بە قازانجی خەلكو بەرەو پیش چوونی ئیران لە هەموو باریکەوە پیك بینن. لە ماوەی شەش سال سەرکۆماریی خاتەمییش دا گرتنو ئەشکەنجەو مەحکووم کردن بە زیندانی دریژخایەنو تەنانەت ئیعدامی ئازادیخوازان دریژەی هەیە. هەرلە دەورەی سەرکۆماریی خاتەمی دا بوو کە کوشتنی بە زنجیرەی ئازادیخوازانو بێ سەرو شوین کردنیان رووی‌دا، کە بوو بەهۆی دەربرینی نارەزایی بەربلاوی ئازادیخوازان لە هەموو سووچیکی جیهانو نیوخۆی ولاتدا، هەر لە دەورانی خاتەمی دا بوو کە تەقە لە خۆپیشاندەرانی شارەکانی ورمێو مەهابادو سنە کراو کۆمەلیك خەلك شەهیدو بریندار بوون. لە دەورانی خاتەمی دایە کە ئەندامانی حیزبی دیموکراتو ئازادیخوازانی دیکەی کورد ئیعدام دەکرین. کەوابوو هیچ شتیك لە نیوەرۆکی ریژیم بەو جۆرە کە کۆمەلانی خەلکی ئیران دەیان هەوێ نەگۆراوە. تەنیا ئەوە نەبێ کە ریژیم بە هۆی خەباتی بیوچانی کۆمەلانی خەلك بۆ دابین کردنی ئازادیو دیموکراسی لە سەرانسەری ئیران دا، ناچار بەهیندیك پاشە کشە بووە. لە جیاتی گۆپاڵ بە دەستو زنجیر بەدەستەکانی سەرشەقامو کۆلانی شارە گەورەکان، ئەرکی سەرکوتی ئازادیخوازانی بە قازییەکانی دەزگای قەزاییو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی سەر بەو بەشە سپاردوە. بە کورتی سەرکوتو پیشیلکردنی مافو ئازادییەکانی کۆمەلانیخەلکی ئیران بە گشتیو خەلکی کوردستان بە تایبەتی لە نیوەرۆك دا گۆرانی بە سەردا نەهاتوە. بۆ هەموو کەس ولایەنیکی واقیع بینو تیگەیشتووش بە هەق دەرکەوتوە کە لە چوارچیوەی ریژیمی ویلایەتی فەقیهیدا نابێ چاوەروانی هیچ ئالوگۆریکی بنەرەتی بە قازانجی کۆمەلانی وەزالە هاتووی خەلکی ئیرانو گەلانی زۆرلیکراوی ئیران بین.

**هاوریيانی خۆشەویست!**

**بنەمالەی بەریزی شەهیدان!**

**خەلکی فیداکاری کوردستان!**

ئیستا لە کاتیك دا یادی شەهیدە سەربەرزەکانمان دەکەینەوەو ریز بۆ فیداکاریو لە خۆ بردوویییان دادەنیین، کە هەلومەرجیکی لە بار بۆ تیکۆشەرانی ریگای ئازادیی کوردستانو سەرانسەری ئیران لە رادەی نیو خۆییو جیهان دا پیك هاتوە. خەباتی بیوچانی کۆمەلانی ئاگاو وشیاری ئیران، مانۆرەکانی بە ناو ریفۆرمخوازیی ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییان پووچەڵ کردۆتەوە، نیگەرانی لە شەری سیهەمی کەنداوو ئەگەری گۆرانەکانی دوای ئەو شەرە لە ناوچەداو ترسو دلەراوکێ لە ئەگەری تەقینەوەی توورەیی خەلكو راپەرینی کۆمەلانی خەلکی ئیران سەرتاپای ریژیمی داگرتوە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی سەرنجی خەلك سەبارەت بە گیروگرفتی رۆژانەیانو داماویی ریژیم لە مەر چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە بە لاریدا بەرن، هەر رۆژە بەهەوایەك دەدوین. بەلام بە دلنیایییەوە دەبێ بگوترێ کۆمەلانی خەلكو گەلانی زۆرلیکراوی ئیران سەرکوتو کوشتوکوشتاری رۆلەکانیان بە فەرمانی ریبەرانو بە دەستی کاربەدەستە تاوانبارەکانی ریژیم لەبیر ناکەنو، بە توندتر کردنی خەباتی خۆیان هەلومەرجی لەبار بۆ تیکەوە پیچانی تۆماری ریژیمی پاشکەوتوو و زۆرداری کۆماری ئیسلامی پیك دینو کۆتایی بە تەمەنی ئەو ریژیمە دژی ئینسانییە دینن.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران هەروەکوو بە کردەوە سەلماندویەتی، حیزبی قالبووی کوورەی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیرانەو هەتا وەدیهینانی ئامانجی شەهیدە سەربەرزەکانی دریژە دەری ریگایانەو بێ سلکردنو پرینگانەوە لە ریگای سەختی خەبات بەرەو ئازادیو دیموکراسی رێ دەبرێ. دلنیاشین لەم ریگا سەختو پیرۆزەدا، ئیوەی بەریز هەروا پشتیوانو هاندەرو هاوریمان دەبنو لەگەڵ ئیوەدا، ئازادیخوازانی سەرانسەری ولاتەکەمان بۆ گۆرکردنی دیکتاتۆریو جیگر کردنی نیزامیکی دیمۆکرات لە ولاتەکەمان ئیران دا هاوخەباتمانن. گومانیشمان نیە کە کۆتایی هینان بە ستەمو دیکتاتوریو بێ مافیو سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی، ئازادیو مافی مرۆڤ لە کوردستانو ئیران دا باشترین پاداش بۆ شەهیدانی حیزبی دیموکرات، گەلی کوردو سەرانسەری ئیرانە.

سلاو لە گیانی سەرقافلەی شەهیدانمان پیشەوا قازی محەمەدو قاسملووو شەرەفکەندی

سلاو لە گیانی شەهیدانی ئازادیخوازیکوردستانو سەرانسەری ئیرانو ریزوئەمەگناسی بۆ بنەمالە سەربەرزەکانیان

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئیران

برووخێ ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**
**١٠ی خاکەلیوەی١٣٨٢ی هەتاوی**

# هەواڵەکانی کوردستان

## بۆکان

### تەقینەوەی مین

تەقینەوەی مین لە یەکیك لە گەرەکەکانی شاری بۆکان کارەساتی لیکەوتەوە.

حەوتووی رابردوو میرمنداڵیکی دوازدە سالە بە ناوی سەعید ئەحمەدزادە کوری عەباس، مینیك لە کۆنە مۆلگەکانی ریژیم لە مەجبوورئاوا دەبینیتەوەو دەستی تیوەردەدا. لە ئاکامدا مینەکە دەتەقیتەوەو دەبیتە هۆی کوژرانی ناوبراوو برینداربوونی کیژۆلەیەك.

ئەوەیە یەکەمجار نیە کە خەلکی کوردستان بە تایبەت منداڵان دەبنە قوربانیی تەقینەوەی ئەو مینانەی کە لە کۆنە مۆلگەکانی ریژیم بە جیماونو دلنیاشین کە سەعیدیش دوایین قوربانی نابێ. هەر ئیستا جگە لە دەوروبەری کۆنە مۆلگەکانی ریژیم لە کوردستان، زیاتر لە چەند هەزار هیکتار لە لەوەرگەو کیلگە کشتوکالییەکانی کوردستان کە لە لایەن ریژیمەوە مینریژ کراون هەروا ماونەوەو هیچ کەسو لایەنیکیش بەرپرسایەتیی پاککردنەوەی ئەو ناوچە مینریژکراوانە وەئەستۆی خۆی ناگری.

کارەساتی تەقینەوەی مین لە کوردستان جگە لە زیانی ماددی زۆر، کوژرانو کەمئەندامبوونی هەزران کەسیشی لیکەوتۆتەوە.

## سەقز

### کوژرانی هاووڵاتییەك

ڕۆژی پینج شەممە١٣٨٢/١/٧ی هەتاوی لە نزیك حەمامی حاجی جەلیل لە شەقامی شانازی شاری سەقز تەرمی کەسیك بە ناوی نەجمە واسلی دۆزرایەوە کە هۆی کوژرانی ناوبراوو کەس یا کەسانی پیوەندیدار بە کوشتنیەوە بە داخەوە تا ئیستا روون نەکراوەتەوە.

## سەردەشت

### کەوتنی مووشەك

ڕۆژی هەینی ١ی خاکەلیوەی ٨٢ موشەکیکی دوورهاویژ لە ناوچەیەکی سنووریی سەردەشت بە ناوی بناوی کەوتۆتە خواری. ئەو مووشەکە دوورهاویژە کە نەتەقیوەتەوە، روون نیە لە کویرا هاویژراوە. ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران، حکوومەتی عیراقی بە گومانی هاویشتنی ئەو مووشەکانە تاوانبار کردوەو کارداری عیراقی بۆ وەلام دانەوە بۆ وەزراەتی دەرەوە بانگ کردوە. هەمان رۆژ مووشەکیکی سەرگەردان لە نیزیك کارخانەیەکی پیترۆشیمی لە شاری ئابادان کەوت کە بوو بە هۆی برینداربوونی دوو کەس. ئیران، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەو پیوەندییەدا تاوانبار کردوە، بەلام دەولەتی ئامریکا تاکوو ئیستا بەرپرسایەتیی ئەو کارەی وەئەستۆ نەگرتوە.

## مەهاباد

### ریزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان

ڕۆژی یەك شەممە ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٨٢ی هەتاوی، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کۆمەلیك لە خەلکی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد بە مەبەستی ریزگرتن لە یادی شەهیدانی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٢٦ی هەتاویو سەرجەم شەهیدانی کوردستان چوونە سەرگۆری پیرۆزی شەهیدان پیشەوا قازی محەممەدو سەیفی قازیو سەدری قازیو لەگەل نویکردنەوەی پەیمانو دانی بەلینی بۆ هەولدان تا وەدیهینانی ئامانجەکانی کۆمار، سی تارای سووریان بە سەر گۆری پیرۆزیاندا دا.

پیویستە بگوتری لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بەو بۆنەوە کاری تەبلیغی کراوەو دروشمی "باشترین پاداش بۆ شەهیدان دریژەدانی ریگایانە"و زۆر دروشمی دیکەی شۆرشگیری لە شوینە گشتییەکانو دیواری شەقامو کۆلانی شارەکان خرابوونە بەرچاوی خەلك.

***

### ریورەسمیك بە بۆنەی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٨٢ی هەتاوی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٨٢، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە یەکیك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی ریورەسمیك بە بەشداریی سکرتیری گشتیی حیزبو ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ژمارەیەکی زۆر لە بنەمالەی سەربەرزی شەهیدانو سەدان کەس لە کادرو پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەریوەچوو.

ریورەسمەکە بە سروودی ئەی شەهیدان دەستی پیکرد. پاشان بەریز کاك حەسەن رەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتیی حیزب بەو بۆنەیەوە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی پیشکیش کرد (کە هەر لەو ژمارەیەدا دەقی پەیامەکە بلاو بۆتەوە). نیوئاخنی بەرنامەکان چەند سروودیکی شۆرشگیرانە بە دەنگی هونەرمەندانی پیشمەرگەو چەند شیعرو پەخشانی ئەدەبی لە لایەن شاعیرانو ئەدیبانی نیشتمانپەروەرەوە بوون. شایانی باسە ریورەسمەکە کاتژمیر ١١ی پیش نیوەرۆ دەستی پیکردو زیاتر لە سەعاتیکی خایاند. دوای تەواو بوونی ریورسمەکە بەشداران سەردانی پیشانگای وینەی شەهیدانی حیزبو گەلیان کرد کە بەشی شەهیدان سەر بە کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتیی حیزب پیکی هینا بوو.

❋❋❋

کوردستان

ژمارە ٣٦٢ (١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٢)

# شەهید، بەیداخی لووتکەی هەلویستی ئینسانە (*)

ع. ڕەهنموون

**شەهیدان فیریان کردین کە "رزگاری"و "ئازادی" بێ گیان‌فیدایی‌و خۆ بەخت کردن نابیتە میوانمان‌و بە خوینی گەشی خۆیان نووسییان "گەلیك ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا."**

مرۆڤەکان بەشیوەیەکی گشتی دەکرێ بە دوو دەستە دابەش بکرین:

دەستەی یەکەم، ئەو کەسانەن کە کارو تیکۆشانیان لە خزمەتی بەرژەوەندی‌یە تاکە کەسی‌یەکانی خۆیان دایە. واتە ئەوان بۆ خۆیان دەژین‌و تەواوی دلەخورپیکانیان دەکەونە چوارچیوەی دەستەبەرکردنی زۆرترین سوودو بەرژەوەندی بۆ خۆیان. ئەو دەستەیە بیر لە بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان ناکەنەوەو تیروانینیان بۆ جیهان، مرۆڤ‌و دیاردەکانی دەورووبەر، تیروانینیکی بەرتەسك‌و سنووردارە. واتە ئەوان لەبەر پیی خۆیان زیاتر، چی دیکە نابینن‌و چاویان تا ئاسۆ دوور دەست‌و بایەخە هەمەکی‌یە مرۆیی‌یەکان بر ناکا. ئەم دەستەیە لەوانەیە تەنانەت باس لە بایەخە گشتی، بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان‌و نۆرمە ئەخلاقی‌و مرۆیی‌یەکانیش بکەن، بەلاّم تەنیا مەبەستیان لە وەها پرو پاگەندەیەك شاردنەوەی بەرژەوەندی‌یە تاکە کەسی‌یەکانی خۆیانە لە ژیر دەمامکی بایەخە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەکاندا.

دەستەی دووهەم، ئەو کەسانەن کە کارو هەولّ‌و تیکۆشانیان لە خزمەت بەرژەوەندی‌یە تاکە کەسی‌یەکانی خۆیاندا نیە، واتە ئەوان بۆ خۆیان ناژین، بەلکوو خەمی سەرەکیی ئەوان دەستەبەرکردنی ژیانیکی باشترە بۆ هاورەگەزەکانیان. بەم مانایە ئەوان بیر لە بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان دەکەنەوەو بەرژەوەندی‌یە تاکە کەسی‌یەکان ناتوانن تیروانینی ئەوان سنووردار بکەن‌و ببنە بەربەست‌و لەمپەر لە بەر دەم دیتنی ئاسۆی دوورو ئامانجە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەکاندا. ئەوان ئەگەر باسی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان‌و بایەخە مرۆڤایەتی‌یەکان دەکەن، مەبەستیان چەواشەکردنی کۆمەلاّنی خەلك نیە، بەلکوو ئەوان باوەریکی قوولّ‌و بنەرەتییان بەو چەمکانە هەیەو ئەو چەمکانە مانایەکی جەوهەری بە ژیانیان دەبەخشن‌و هەر ئەو چەمکانەشن کە ئاراستەی ژیانی ئەوان دەستنیشان دەکەن. تەواوی ئەو کەسانەی‌کە لە پیناوی خەلك‌و بایەخە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەکاندا خەبات دەکەن‌و دەمرن، دەکەونە ئەم خانەیەوەو "شەهید" کە ترۆپکی هەلویستی مرۆڤانەیە وەك ئەستیرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی سامالی بایەخە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەکاندا دەدرەوشیتەوە. شەهید ئەو مرۆڤە ئاسایی‌یەیە کە بەکاری نائاسایی خۆی کەسایەتی‌یەکی بێ‌وینە بۆ خۆی دەخولقینێ. شەهید ئەو خەباتگیرەیە کە لە نامۆیی‌و نائومیدی دوورمان دەخاتەوەو لە ئەستیرکی هەقیقەت هەلّماندەکیشێ. شەهید مەشخەلیکی پرشنگدارە بۆ شەوە ئەنگوستە چاوەکان. شەهید ئەو مرۆڤە مەزنەیە کە دۆزەخ بۆ ترس‌و تاریکی دادەخا.

"شەهید" لە رووی فیزیۆلۆژی‌یەوە مرۆڤیکی ئاسایی‌یەو لە رووی جەستەیی‌یەوە هیچ جیاوازی‌یەکی لەگەلّ مرۆڤەکانی دیکەدا نیە، بەلاّم ئەدگاریك کە شەهید لە مرۆڤە ئاسایی‌یەکان جیا دەکاتەوە، ئەو روانینە قوولەیە بۆ چەمکی مرۆڤ‌و مرۆڤایەتی. روانینیك کە لە ئاکامدا دەبیتە هۆی دۆزینەوەی "بەختەوەری" بۆ کۆمەلاّنی خەلك. واتە شەهید ئەو مرۆڤەیە کە روانینیکی قوولی هەیە بۆ "جیهان"، "مرۆڤ"و دیاردەکانی دەورووبەرو لەو تیرامانەدا پەی بە ریگای "بەختەوەری"ی مرۆڤ‌و هاورەگەزەکانی دەباو تەواوی ژیانی خۆی لە ریگای بەختەوەری‌و کەمکردنەوەی ئیش‌و ئازاری کۆمەلاّنی خەلكدا بەخت دەکا.

هەرچەند چەمکی "شەهید" پەیوەندی‌یەکی راستەوخۆی لەگەلّ چەمکی "مەرگ"دا هەیە، بەلاّم کەسێ کە لە ریگای ئامانجە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەکاندا خەبات دەکاو ئەگەری شەهیدبوونی هەیە مرۆڤیکی مەرگدۆست نیە، بەلکوو مرۆڤیکی ژیاندۆستە. واتە ئامانج لە خەبات‌و تیکۆشان گەیشتن بە "مەرگ" نیە، بەلکوو ئامانج گەیشتن بە ژیانیکی مرۆڤانەترە کە شیاوی مرۆڤ بێ‌و دوور بێ لە هەر چەشنە چەوسانەوەو ستەمیك. شەهید ئەو مرۆڤەیە کە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانیکی باشتر بۆ هاورەگەزەکانی تێکۆشاوەو تیکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانیکی باشترو دوور لە چەوسانەوەو ستەم، مەرگدۆستی ناگەیەنێ، بەلکوو هیمایە بۆ لووتکەو ترۆپکی ژیاندۆستی.

لیرەدا رەنگە ئەو پرسیارە رووبەرووومان ببیتەوە کە هۆی چیە شەهید بەلای خەلکەوە سەمبول‌و هیمای پاکی‌و پیرۆزی‌یە؟ لە وەلاّمدا دەتوانین بلیین کە چونکە شەهید کەسیکە کارنامەی کردەوەکانی تەواوو رۆشن‌و بێ‌تەمومژن‌و ژیانی ئاسایی‌و روالەتیی ئەو بەسەر چووەو ئەگەری رووادنی هەلەیەك لەلایەن ئەوەوە لە "داهاتوو"دا کۆتایی هاتوە. چونکە شەهید ئەگەری هەلەکردن‌و لادانی لەسەر نیە، دەبیتە هیمای پاکیتی، پاکژی‌و پیرۆزی. کەسیك کە ئیستا لە ژیان دایە با لە رابردووەوە تا ئیستا مرۆڤیکی باش‌و بەکەلك بووبێ‌و هەلەکانی کەم بووبن، بەلاّم ناتوانێ ببیتە هیماو سەمبولی پاکژی‌و پیرۆزی، چونکە ئەو کەسە هیشتا ژیانە روالەتی‌و ئاسایی‌یەکەی کۆتایی نەهاتووەو چاوەروانی ئەوەی لێ دەکرێ کە لە داهاتوودا کارگەلیك بکا کە زیان لە بەرژەوەندی گشتیی کۆمەلاّنی خەلك بدا. بەلاّم شەهید ئەو مرۆڤەیە کە داهاتووی نیەو "ئیستا"و "داهاتوو"و "رابردوو" بۆ ئەو یەکسانەو ئەگەری هەلەکردنی لە داهاتوودا لە گۆرێدا نیە. بۆیە شەهید دەبیتە هیماو سەمبولی خەبات‌و تیکۆشان بۆ کۆمەلاّنی خەلك بەگشتی‌و بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لیبراوانە ریگای پیرۆزی شەهیدان تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانیان دریژە بدەن. راستە "شەهید" وەك مرۆڤیکی ئاسایی دریژە بە ژیانی ئاسایی نادا، بەلاّم بە شیوەیەکی دیکە دەژی‌و کاریگەری لەسەر ژیان دادەنێ. بەم مانایە کە شەهید وەك هیماو سەمبولی خەبات‌و تیکۆشان لە سەر هەست‌و نەستی کۆمەلاّنی خەلك‌و ریبوارانی ریگای ئازادی‌دا شوین دادەنێ‌و کاریگەری‌یەکی بەرچاویشی لە سەر رەوتی خەبات‌و تیکۆشان هەیە.

شەهیدان نەمرو هەمیشە زیندوون، چونکە ژیان بریتی‌یە لە جوولەو شویندانان لە سەر دەورووبەرو شەهیدیش هەم لە دلّ‌و دەروونی کۆمەلاّنی خەلكدا دەژی‌و هەم کاریگەری لە سەر ژیانیان دادەنێ‌و رینوینییان دەکا بەرەو ئەو خەباتەی کە تاکە ئامانجی دەستەبەربوونی ژیانیکی باشترە بۆ مرۆڤ کە تیی‌دا چەوسانەوەو ستەم ریشەکیش کرابێ. لەم رووەوە بە دلنیایی‌یەوە دەتوانین بلیین کە شەهیدان زیندوون‌و چاوی گەشیان بریوەتە ئەو ئاسۆ بەرزانەی کە ئەوان لە پیناوی وەدیهینانیاندا گیانی شیرینیان بەخت کردو بۆ ئیمەش بوونەتە کۆمەلیك ئەستیرەی پرشنگدار بۆ رووناککردنەوەی ریگاو پیشاندانی ئامانجە بەرزە مرۆیی‌یەکان.

گرنگی‌یەك کە شەهیدان لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلاندا بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی‌و دادپەروەری هەیانە، ئەو گۆرانکاری‌یەیە کە بە سەر دیدو تیروانینی ئەو کەسانەدا دێ کە خۆیان بەشیوەیەکی راستەوخۆ لە خەباتدا بەشدارییان نەکردوە، بەلاّم خۆبەخشی‌و خۆ بەختکردنی شەهیدان دیدو تیروانینی ئەوان سەبارەت بە مرۆڤ‌و جیهان دەگۆرێ‌و دەیانهینیتە سەر ئەو باوەرەی کە کۆمەلێ ئامانجی بەرزی مرۆیی هەن کە ئەگەر پیویست بوو دەبێ مرۆڤ لە پیناویاندا "گیان"ی ـ کە گەورەترین سەرمایەی ژیانی هەر مرۆڤیکە ـ بە دلاّوایی‌یەوە بخاتە سەر دەست‌و مەرگو نەمان دەستەمۆ کا.

"کانت" فیلسووفی مەزنی ئالمانی لە وتاریکدا بەناوی "شۆرش چیە؟" پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە لە هەر شۆرشیکدا گرنگ رووادنی خودی شۆرش‌و سەرکەوتن‌و ژیرکەوتن لەو شۆرشەدا نیەو هەروەها گرنگ ئەو کوشتارو مالویرانی‌یەش نیە کە لەو شۆرشەوە دەکەویتەوە، بەلکوو گرنگ ئەو گۆرانکاری‌یە قوولّ‌و بنەرەتی‌یەیە کە بە سەر دیدو تیروانینی ئەو کەسانەدا دێ کە راستەوخۆ بەشدارییان لە شۆرشەکەدا نەکردوە. کەواتە ئەوەی لە شۆرشدا گرنگی‌یەکی بنەرەتیی هەیە دروشم‌و هوتافەکانی شۆرش نین، بەلکوو گرنگ ئەو گۆرانکاری‌یەیە کە بەسەر هوشیاریی مرۆڤەکاندا دێ‌و لیرەوەیە کە شەهیدو شۆرش‌و رۆشنگەری بە یەك دەگەن.

بەشیوەیەکی گشتی دەتوانین بلیین کە "رۆشنگەری" بریتی‌یە لە دەرچوونی مرۆڤ لە حالەتی دەستەوەستانی لە بریاردان‌و ترسنۆکی لە وەدیهینانی ئالوگۆر لە وەزعی مەوجووددا. شەهیدان ئەو مرۆڤانەن کە لە حالەتی دەستەوەستانی لە بریارداندا هاتوونە دەرێ‌و بە سەر ترس‌و دوو دلی‌دا زالّ بوون‌و هەولیان داوە بۆ وەدیهینانی ئالوگۆری بنەرەتیی لە وەزعی مەوجووددا بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانیکی باشتر بۆ کۆمەلاّنی خەلك. بە دلنیایی‌یەوە دەتوانین بیژین کە شەهیدان خەباتگیرانی بەرپاکردنی بزووتنەوەی رۆشنگەری لە کوردستاندا بوون. چونکە ئیمە بە رامان لە فیداکاری‌و خەباتی شەهیدان بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەلیك ئامانجی بەرز لە ژیاندا هەن کە شیاوی ئەوەن کە ئەگەر پیویستی کرد مرۆڤ گیانی خۆی لە پیناویاندا بەخت بکا. شەهیدان سەلماندیان کە "مەرگ" ئەو دیاردە تۆقینەرو سامناك‌و بەهیزە نیە کە بتوانێ چۆك بە ئیرادەی مرۆڤ دابداو ئەوان بە زالبوون بەسەر مەرگدا ئەم پەیمانەیان بە گویی ریبوارانی ریگای ئازادی‌دا چرپاند کە تەنانەت "مەرگ"یش ناتوانێ ئەژنۆی ئازادیخوازان بشکینێ‌و ئەوان لە خەبات بۆ وەدیهینانی ئامانجە بەرزەکانیان پاشگەز بکاتەوە. شەهیدان فیریان کردین کە "رزگاری"و "ئازادی" بێ گیان‌فیدایی‌و خۆ بەخت کردن نابیتە میوانمان‌و بە خوینی گەشی خۆیان نووسییان "گەلیك ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا."[1]

❋❋❋

(*) ناونیشانی ئەم وتارە لە شیعری "شەهید"ی مامۆستا شیرکۆ بیکەس وەرگیراوە.

١ـ لە وتە بەنرخەکانی شەهیدی نەمر، کاك دوکتور قاسملوو

# یادیك لە دوو شەهیدی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٢٦



ئەبولقاسمی سەدری قازی



حەمە حوسین خانی سەیفی قازی

## ئەبولقاسمی سەدری قازی

ئەبولقاسمی سەدری قازی لە ١٨ی بانەمەری ١٢٨١ی هەتاوی‌دا لە شاری مەهاباد لەدایك بوو. سەدر برا چکۆلەی قازی محەممەدو کوری قازی عەلی‌و خاتوو گەوهەرتاج بوو، ئەویش هەروەك برا گەورەکەی لە خزمەت باوك‌و مامی زاناو پسپۆری، "سیف القضات"دا فیری خویندن‌و نووسین‌و زانست کرا.

سەدر مرۆڤیکی شارەزاو زاناو رووخۆش بوو. لەگەلّ هەموو کەس بە باشی هەلسوکەوتی دەکردو هەژارو دەولەمەند خۆشیان دەویست‌و ریزیان لی دەگرت، هەر بۆیەش رۆژانە لە سەر داوای باوکی سەردانی ئیدارەکانی دەکرد بۆ ئەوەی باشتر یارمەتیی ئەو کەسانەی بدا کە نە خویندەوار بوون‌و بە باشی توانای بەریوەبردنی کارەکانیان نەبوو تا لە کارەکانیان دا سەرکەون.

لەگەل ئەوەی دا لە چواردەهەمین خولی مەجلیس لە سالی ١٩٤٣ی زایینی‌دا وەك نوینەری خەلکی مەهاباد هەلّبژیردرا هەروەك ئامۆزاکەی خاوەنی بیری شۆرشگیری‌و ئامادەی هەرچەشنە خزمەت‌و فیداکاری‌یەك لە پیناو گەل‌و نیشتمان‌و راوەستان لە بەرامبەر زولم‌و زۆری ریژیمی پەهلەوی‌دا بوو، هەر بۆیەش بوو بە ئەندامی کۆمەلەی ژـ ك‌و پاشانیش وەك یەکیك لە دامەزرینەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و ئەندامیکی هەلسوورو رەسمیی کۆمیتە ناوەندی ئەو حیزبە خزمەتی بە نەتەوەکەی کرد.

بەداخەوە ئەبولقاسمی سەدری قازیش هەروەك برا گەورەکەی پیشەوا قازی محەممەدو ئامۆزاکەی محەممەد حوسینی سەیفی قازی کەوتە بەر حوکمی نارەوای ئیعدام لەلایەن ریژیمی پەهلەوی‌یەوەو لە بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی خاکە لیوەی سالی ١٣٢٦دا لە ریگای ئازادیی کورددا شەهید کرا.

## محەممەد حوسینی سەیفی قازی

محەممەد حوسینی سەیفی قازی لە بانەمەری ١٢٨٣ی هەتاوی‌دا لە شاری مەهاباد لە دایك بوو، دوای تەواوکردنی خویندنی سەرەتایی بە مەبەستی دریژەدان بە خویندن دەچیتە ورمێ‌و پاشان دەچیتە تەوریزو لە کۆلیژی "سەلتەنەتیی موم ریالّ"ی ئەمریکایی ئەو شارەدا دریژە بە خویندن دەداو لە ئاکامدا هەموو قۆناغەکانی خویندن سەرکەوتوانە دەبرێ. سەیفی قازی پیاویکی کەلەگەت‌و بەخۆوە بووو ورەیەکی بەرزی هەبوو، زمانەکانی فارسی، تورکیی ئازەری، عەرەبی، رووسی، فەرانسەوی‌و ئینگلیزی شارەزا بوو، تیکەلاّویی وی لەگەل کەسانی شارەزاو ناسراو بوو بە هۆی ئاشنا بوونی لەگەل مەسەلەو وەزعی سیاسیی ولاّت‌و کۆکردنەوەی زانیاریی پیویست لەوبارەیەوە. پیش ئەوەی کۆماری کوردستان دابمەزرێ لەلایەن حکوومەتی پەهلەوی‌یەوە بە مەبەستی پیکهینانی ئاشتی‌وئارامی کرا بە بەرپرسی ئەمن‌و ئاسایشی ناوچەو بەوشیوەیە وەك پاریزەری گیان‌و مالی خەلك دیاری کرا.

لە سالی ١٣٢٢ی هەتاوی‌دا بە دوای پیشەوا قازی محەممەددا بوو بە ئەندامیکی چالاکی کۆمەلەی ژـ ك. پاشانیش بوو بە یەکیك لە دامەزرینەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و لە هەمان کاتیش دا بۆ پیکهینانی یەکیتی لە نیوان خیلّ‌و عەشیرەتەکانی ناوچەو کۆکردنەوەیان لە دەوری حیزب رۆلیکی بەرچاوی گیرا.

سەیفی قازی یەکەمین ئەندامی حیزب بوو کە وەك جیگری حیزب‌و جیگری پیشەوا قازی هەلّبژیردراو لەگەلّ پیکهاتنی کۆماری کوردستانیش لە"٢"ی ریبەندانی ١٣٢٤ دا وەك وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستان‌و وەك جیگرو راویژکاری پیشەوا قازی محەممەد دیاری کراو لە هەمان کاتیش دا لەلایەن حیزبەوە دەرەجەی ژینرالی پیدرا. بەداخەوە سەیفی قازیش هەروەك پیشەوا قازی محەممەد بە تاوانی داواکردنی سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکانی گەلەکەی لە لایەن دادگایەکی فەرمایشیی ریژیمی پەهلەوی‌یەوە بە ناهەق حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپاو لە بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٢٦دا لە پیناو گەل‌و نیشتمانی‌دا شەهید بوو.

❋❋❋

### لە ژێر پەردەی بێلایەنی لە شەری سیهەمی کەنداودا

# کۆماری ئیسلامی بۆ خەلکی عیراق دەگری یا بۆ خۆی؟

قادر وریا

زۆر پیش ئەوەی لە ٢٩ی رەشەمەی ١٣٨١دا، فرۆکەکانی ئەمریکاو بریتانیا هیرش بکەنە سەر بنکەو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی عیراق، بزووتنەوەیەکی بەرین لە سەرانسەری جیهاندا بە دژی هەلگیرسانی ئەو شەرە دەستی پیکردبوو. لەگەل هەلگیرسانی شەرەکەو بلاو بوونەوەی هەوالو دیمەنە دلتەزینەکانی پیوەندیدار بە شەریشەوە، خۆ پیشاندانی ئیعترازی بە دژی شەر پەرەی گرت. دیمەنەکانی ئەو بزووتنەوە میلیونییەو تیکهەلچوونی توندو تیژی پۆلیسی ولاتانی جۆراوجۆر لەگەل خۆپیشاندەران بەردەوام لە کانالە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان بلاو دەبنەوەو چاومان پییان راهاتوە.

لیرەدا نامانەوی بکەوینە لیکدانەوەو شیکردنەوەی هۆیەکانی وەریکەوتنی ئەو بزووتنەوە جیهانییە گەورەیە. لە دەستنیشانکردنی چینو تویژو بەشە جۆراوجۆرەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەش دەگەریین، بەلام لە نیو هەموو ئەو هۆیانەدا کە بە دەیان میلیۆن مرۆڤیان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ بەشداری لەو بزووتنەوەیەی دژی شەردا پال پیوەناوە، لە سەر یەکیکیان بۆ ساتیك دەوەستین، ئەویش ویرانکەر بوونو دڕندەییو نەگبەتی هینەر بوونی دیاردەی شەر لە زاتی خۆی دایە. هیچ شەریك تەنانەت ئەو شەرانەش کە ئامانجیکی زۆر رەواو دادپەروەرانەیان هەیەو بە گویرەی ریوشوینە قبوولکراوەکانی جیهانیش بەریوە دەچن، ناتوانن لەم تایبەتمەندیانەی شەر، بە تەواوی بیبەری بن. چونکە ئەو کاتانەش کە لایەنەکانی شەر هەموو هەولی خۆیان بە کار دینن تا ئاگری شەرو زیانو خەسارەکانی، جگە لە لایەنەکانی بەرامبەریان کەسی دیکە نەگریتەوە، دیسانەکە خەلکی بیتاوانو بیدیفاع، گیانیان دەکەویتە مەترسیو لە سیبەری قورسی شەردا ژینیان لی تال دەبی. کەوابوو ئەگەر هۆو هاندەرە ئیدئۆلۆژیکی، سیاسی، ناسیۆنالیستی، ئایینیو ئابووریەکانی بەشدارانی بزووتنەوەی دژی شەریشمان، دەربەستو دەقاودەق قبوول نەبی، کەس ناتوانی ئەم هۆ ئینسانییە بۆ بیزاری لە شەرو، بە ئاوات خواستنی کۆتایی هاتنی هەرچی زووتری، رەت بکاتەوە.

ریژیمی کۆماری ئیسلامییش بە روالەت وا دەنوینی کە بەشیکە لەو بزووتنەوە جیهانییەی دژ بە شەر. ئەم ریژیمە هەر لەو کاتەدا کە لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی، بیلایەنیی خۆی لە شەری نیوان هاوپەیمانانو عیراقدا راگەیاندوە، لە میژیشە تەپلی دژایەتی لەگەل شەری هەلگرتوە. ئەو دژایەتییەشی هەم رەنگی ئیدئۆلۆژیکیی پیداوە، هەم رەنگی ئایینی. لایەنی مرۆڤدۆستانەو نیگەرانی بۆ ژینگەو شوینەواری میژووییش بە جیی خۆی!

بەلام سیاسەتی تەبلیغاتی و خەبەریی کۆماری ئیسلامی لە پیوەندی لەگەل ئەو شەرەدا نیشان دەدا کە دژایەتیی بریار بە دەستانی ریژیمی ئیران لەگەل شەر، هۆی دیکەی هەنو ئەو هۆیانە بە تەواوی جیان لەو هۆیەکانی دژایەتیی کۆمەلگای جیهانی لەگەل ئەم شەرە یان هەر شەریکی دیکە.

هەروەك گوترا بەریوەبەرانو دەمراستەکانی کۆماری ئیسلامی پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەم سیاسەتو هەلویستەی خۆیان دیننەوە. دیارە ئەوان چونکە دەزانن خەلکی ئیران بیرەوەریی چەند سال شەر لەگەل عیراقیان لە بیرو هۆشی خۆیاندا راگرتوە، ئیددیعای هاودەنگیو هاوپیوەندی لەگەل حکوومەتی عیراق ناکەنو نەك هەر لە هەر چەشنە قسەیەکی خیر بۆ سەرۆكو بەریوەبەرانی حکوومەتی عیراق خۆ دەبویرن، بەلکوو جنیوو ناوو تۆرەکانی کۆنیشیان لی زیندوو کردوونەوە. ئەوان وادەنوینن کە لە خەمی حکوومەتی ئەو ولاتەدا نین، بەلکوو دلسۆزی خەلکی موسولمانی عیراقو تەواوەتیی ئەرزیی ئەو ولاتەن. ئەو جەنابانە بە روالەت نیگەرانی ئەو زیانو زەرەرە گیانیو مالییەن کە وەخەلك دەکەوی. وا نیشان دەدەن کە لەوە تووڕەن دەسەلاتیکی بیگانە حاکمییەتی میللیی ولاتیکی خستۆتە ژیر پیو خۆی لە کاروباری نیوخۆیی ئەو ولاتە هەلقوتاندوەو دەیەوی دەسەلاتیکی دەست پەروەردەی خۆی بینیتە سەرکار.

ئەگەر کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە پیداگرتن لە سەر دریژەدانی شەر لەگەل عیراقدا وەبیر بینینەوە؛ ئەگەر چەندین جار سنوور بەزاندنی هەواییو لەشکرکیشییە زەمینییە چەند هەزار کەسییەکانی بۆ نیوخاکی عیراق بە دوای ئاگربەس لەگەل دەولەتی ئەم ولاتەدا، بینینەوە پیش چاوی خۆمان. بە کورتی ئەگەر هەموو هەولەکانی دەسەلاتدارانی ئەو ریژیمە بە مەبەستی وەدیهینانی خەونەکانیان لە پیوەندی لەگەل عیراقدا، چاو پیدا بخشینینەوە، ریاکاریی بەریوەبەرانی ئەو ریژیمەو بیپایە بوونی ئیددیعاکانیان زۆر باشتر روون دەبیتەوە.

دەردی کۆماری ئیسلامی، کوژرانی خەلکی عیراق لە گەرمەی هیرشی هیزە هاوپەیمانەکاندا نیە. چونکە بۆخۆی بە هەزاران لەوانی بە بۆمبو مووشەك کوشتوەو بە سوور بوون لە سەر دریژەدانی شەر زۆر لەوە زیاتر لە خەلکی ئیرانیشی بە لەشکریانی عیراق بە کوشت داوە. بۆ ژنو مندالو پیرو پەککەوتەی ئەوانیش بە پەرۆش نیە. ئەگەر چارەنووسی ئینسانە بیدیفاعو بیتاوانەکانی بەلاوە گرنگ با، سالی ١٣٦١ کە ئەرتەشی عیراق لە خاکی ئیران کشایەوەو چۆوە ئەودیوی سنوورەکانی ولاتی خۆی، ئاشتیی قبوول دەکردو ئەوە بووە هۆی دریژەکیشانی شەرو کوژرانی دەیان هەزار مرۆڤ لەم دیوو ئەو دیوی سنوور.

کۆماری ئیسلامی بۆ خەلکی عیراق ناگری، بۆخۆی دەگری. چونکە لە لایەکەوە وای دەبینی کە رەوتی رووداوەکان لە عیراق جۆریك دەچینە پیش کە مەبەستەکانی لە پیوەندی لەگەل داهاتووی عیراقدا، نایەنە دی. ئەو ریژیمە لەوە نیگەرانە لە عیراقیش وەك ئەفغانستان، رەنج بە خەسار دەربچی. نیگەرانی ئەوەیە کە لە حالەتی گۆرانی وەزع لە عیراقدا نەتوانی دەسەلاتیکی بە دلی خۆی لە عیراقدا بینیتە سەرکارو چەندین سال سەرمایە دانانی سیاسیو ماددیی خۆی لەو پیوەندییەدا بە فیرۆ بچی. دەشزانین کە هەر دەسەلاتیك چارەنووسی عیراق بگریتە دەست، ئەگەر لە سەداسەد نوینەرایەتیی خەلکی عیراقیش بکا، مادام داروخیلافەی ئاخوندەکان وەك رووگەی خۆی سەیر نەکا، ئەو ریژیمە ناتوانی ویی هەل بکا.

بەلام نیگەرانیی کۆماری ئیسلامی هەر بەوەندەوە نابریتەوە. ئەو ریژیمە کە فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە دژایەتی لەگەل ئەمریکادا دەبینیو بەردەوامیو مانەوەی خۆی بەستۆتەوە بەو دژایەتییە، ترسی ئەوەی ری نیشتوە کە ئەگەر ئەمریکا لەو شەرەدا سەر بکەوی، دەوران دەوری ئیران، بە حکوومەتودەولەتی دۆستو هاوپەیمانی ئەو ولاتە دەتەنریو بە تەواوی دەکەویتە گەمارۆی ئەو ولاتانەی کە لەگەل ئەمریکا بە کردەوە لە یەك بەرەدان. شتیکی زۆر سروشتییشە کە لە هەلومەرجیکی ئاوادا، مەیدان بۆ فرو فیشالو دروشمدانو مانۆرە تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پیوەندی لەگەل ئەمریکادا، زۆر بەرتەسك دەبیتەوە.


ئەگەر کۆماری ئیسلامی پیگەیەکی سیاسیی قوولو بەرینی لە نیو خەلکی ولاتەکەی خۆیدا هەبا؛ ئەگەر دانیشتووانی ئیران لە سیبەری دەسەلاتی ئەو حاکمییەتەدا، هەستیان بە وەدیهاتنو دابین بوونی مافو ئازادییەکانیان کردبا؛ ئەو ریژیمە دەیتوانی بە بیترسو نیگەرانی بە پیشوازی داهاتووەوە بچی. بەلام خۆپیشاندانی دەولەتیی رۆژی ٨ی خاکەلیوەی ئەمسال کە بۆ دژایەتی لەگەل ئەمریکاو ئینگلستان وەری خرابوو، نیشانیدا خەلکی ئیران بۆ هیچ شتیك لەگەل ئەو ریژیمەدا نین، تەنانەت ئەو کاتەی کە ئالای دژایەتی کردنی شەریش هەل دەگری. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیە دەسەلاتدارەتیی پر لە سەرکوتو جینایەتدا، وای کردوە خەلکی ئیران نەك هەر بۆ دوژمنایەتی لەگەل ئەمریکا ـ کە لە شۆرشی سالی ١٣٥٧دا یەکدەنگو یەکپارچە دژی نفووزە سیاسییەکەی راپەرین ـ هاودەنگیو هاورییەتیی نەکەن، بەلکوو زۆر لەوان خۆزگە بخوازن لە جیاتی حکوومەتی عیراق، ریژیمی ئیران ببا بە ئامانجی هیرشی ئەمریکاو هاوپەیمانانی. ئەو خۆزگەیەشیان نەشارنەوەو سەرەرای هەموو مەترسییەك، لە نیوخۆی ولاتەوە بە تەلەفوون، بە رادیۆو تەلەویزیۆنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی ولاتی رابگەیەنن.

❋❋❋

# سیهەمین کۆبوونەوەی جیهانیی ئاو لە ژاپۆن

خەجیج مەعزوور

رۆژی ١٦ی مارسی ٢٠٠٣ی زایینی سیهەمین کۆبوونەوەی جیهانیی "ئاو" لە "کیۆتۆ"ی ژاپۆن پیکهاتو ئەم کۆبوونەوەیە ٨ رۆژی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا ١٠ هەزار کەس لە ١٥٠ ولاتی جیهان بەشدارییان کرد. هەیئەتی نوینەرایەتیی ولاتانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیەدا، لە سەر کەم بوونەوەی ئاوو دەست ویرانەگەیشتنی نزیکەی دوو میلیارد کەس لە خەلکی جیهان بە ئاوی خاوین، قسەو ئالوگۆری بیروڕایان کردو سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتن کە دەبی مەسەلەی دابینکردنی ئاو لە جیهاندا بە شیوەی خیرا تاوتوی بکری. گرینگترین مەسەلە کە لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی "ئاو"دا گونجا بوو بریتی بوو لە : شیوەی زۆرکردنو دابینکردنی ئاوی خاوین، بۆ ئەوەی مرۆڤ کەلکی لیوەرگری. بی ئەوەی ژینگە (محیط زیست) پیسو تووشی زیان بکا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رەخنەی لە نەچوونە پیشی خیرای چارەسەری گیرو گرفتی ئاو لە جیهان لە سی سالی رابردوودا گرت.



مەسەلەی کەمبوونی ئاو بە تایبەتیو دەست ویرا گەیشتن بە ئاوی خاوین هەموو قارەکانی دنیا بە گشتییو بە تایبەت ناوچەی رۆژهەلاتی نیوەراستی لەگەل گیرو گرفتو قەیران بەرەوروو کردوە. لەو بوارەدا خاوەن نەزەرانی "ئاو" دەلین: ئەگەر وەزعەکە بەم شیوەیە دریژەی هەبی، زیاتر لە یەك میلیارد کەس لە خەلك کە ئیستا دەستیان بە ئاوی خاوین راناگا، ژمارەیان لە ٥٠ سالی داهاتوودا دەگاتە ٢ تا ٧ میلیارد کەس. رۆژی ٦ هەزار کەس کە زۆربەیان مندالن، بە هۆی خواردنەوەو کەلك وەرگرتن لە ئاوی پیس، تووشی نەخۆشیی زگچوون دەبنو دەمرن. ئەو گرفتە دەکری بە سەرمایە گوزارییەکی گونجاو پیشی پیبگیری. بەلام بە گویرەی راپۆرتیك کە کەسایەتییەکی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی پیوەندیدار بە "ئاو" لە کیۆتۆدا پیشکەشی کرد، لە پیوەندی لەگەل بوونی قەیران لە مودیرییەتی سەرچاوەکانی ئاوداو نەبوونی یاساو قانوونیكو ئیرادەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری قەیرانی ئاو، قسەی کرد. پاشان هەر ئەو کەسایەتییە ئاماژەی بەوەش کرد کە لەوانەیە لە داهاتوودا لە سەر مەسەلەی ئاو شەرو پیکهەلپرژانیش رووبدا.

زۆرجار خاوەن نەزەرانی ئاو، پی لە سەر ئەوە دادەگرن لە داهاتوودا ئاو ببیتە ماددەیەکی پر بایەخو تەنانەت لە نەوتیش بایەخدارتر بیو بۆ وەدەسهینانی گەلیك نیوان ناخۆشیو تەنانەت شەر لە نیوان دەولەتاندا رووبدا. بۆ وینە ئەگەر مەسەلەی ئاو لە نیو بەشیك لە ولاتانی جیهان بە تایبەت ولاتانی وەك ئەلجەزاییر، میسر، مەراکیشو توونس مەسەلەی ئاو لە ٥ تا ١٥ سالی داهاتوودا چارەسەر نەکری، ئەو ولاتانە لەگەل قەیرانو کەمبوونو پیس بوونی ئاو بەرەو روو دەبن.

لە راستیدا بیجگە لەوەی کە زۆر لە ولاتان بە هۆی جۆراجۆر لەگەل کەمبوونو نەبوونی ئاو بەرەورووونو هەروەها ئەو گۆرانانەی کە بە هۆی سروشتەوە بە سەر ئاوی دەریاو چۆمو ئاوەکانی دیکەی سەر زەوی دادین، مرۆڤیش لە پیس کردنی ئاوەکاندا نەخشی سەرەکی هەیە. بۆ وینە دەرکردنی ئاوەرۆی شارەکان بۆ نیو دەریاو چۆمەکان یا ئاوەرۆ دەرکردنی کارخانەکان بۆ نیو ئاوە گشتییەکان کە دەبنە هۆی ئەوە ئەو ئاوانە پر بن لە میکرۆبو خەلك نەتوانن لەم ئاوانە کەلك وەرگرنو کەلك وەرگرتنی ناچارییش لەو ئاوانە ببیتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر بی.

رۆژهەلاتی نیوەراستیش یەکیك لەو ناوچانەیە کە لەگەل کیشەی قوولی کەم ئاویدا بەرەوروویە. لەوانەیە ئەم کیشەیە لە داهاتووشدا زیاتر پەرە بستینی. هەر لەو پیوەندییەدا لە سەرەتای سالەکانی ١٩٥٠ی زایینی، ولاتی ئیسرائیل هەولیدا جەرەیانی چۆمی "اللیطانی"ی لوبنان بباتە سەر چۆمی ئوردۆنو چۆمی (یەرموکی) سووریەش تیکەل بە دەریاچەی (طبریە) بکا. بەلام هەر ئەو کات ولاتە عەرەبییەکان لە دژی ئەو هەولەی ئیسرائیل راوەستانو ئیسرائیل بە چەك وەلامی دانەوە کە بوو بە هۆی هەلگیرسانی شەری ١٩٦٧ی نیوان عەرەبو ئیسرائیل. ئیسرائیل بە هیرشی نیزامی توانی بەرزاییەکانی جۆلانو باشووری لوبنانو قەراغەکانی چۆمی ئۆردۆن بە مەبەستی دابینکردنی ئاو داگیر بکاو ئاو ببیتە یەکیك لە کیشەکانی نیوان فەلەستینو ئیسرائیلییەکان. چۆل نەکردنی بەرزاییەکانی جۆلان لە لایەن ئیسرائیلەوە دەگەریتەوە بۆ سەر مەسەلەی ئاو.

یەکیك لە کیشەکانی نیوان ولاتەکانی تورکیە، سووریەو عیراق لە سەر چۆمەکانی دیجلەو فوراتە کە لە کوردستانی تورکیەوە سەرچاوە دەگرن. تورکیە پیی وایە هەر بۆ خۆی مافی کەلك وەرگرتنی ئاوی ئەو دوو چۆمەی هەیە کە ئەوەش زۆرجار دەبیتە هۆی نیوان ناخۆشی.

دیارە ئەو دانیشتنو کۆبوونەوە جیهانییانەی کە لە سەر "ئاو" پیك دین، کیشەو گیروگرفتی پیکهاتوو لە سەر کەمبوونەوەی ئاو لە جیهانو بە تایبەت لە رۆژهەلاتی نیوەراستدا چارەسەر ناکا، مەگەر مرۆڤەکان لە کەلك وەرگرتن لە ئاودا هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکەدا بکەن. لە کۆبوونەوەی کیۆتۆدا، ریبەرانی جیهان هاتنە سەر ئەو باوەرە کە ئەگەر بەر بە کەلك وەرگرتنی نابەجی لە سەرچاوەکانی ئاو بگیری ژمارەی ئەوانەی ئیستا دەستیان بە ئاوی خاوینی خواردنەوە راناگا تا سالی ٢٠١٥، ٥٠٪ لە کەمی دەدا.

❋❋❋

سەرچاوە: **گۆڤاری "اطلاعاتی سیاسی ـ اقتصادی"**

# شەهید محەممەدی نانەوازادە یەکەم فەرمانده‌ی شەهیدی کۆمار

سەلاح شەشە



محەممەد کوری میرزا عەولای نانەوا لە شاری مەهاباد چاوی بە دونیا پشکووت. پلەکانی خویندنی لە نیوان ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٣١ لەو شارە تەواو کرد. چەند ساڵیك وەك فەرمانبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٣٧ لە لایەن حکوومەتەوە ناچار بە خزمەتی سەربازی کرا. ناوبراو ئەو دوو ساڵەی لە سەربازی بوو، دەرسی نیزامیی خویندو دەرەجەی گرووهبانیی وەرگرت. پاش تەواوکردنی دوو ساڵ سەربازی‌یەکەی لە ئیدارەی مالیی مەهاباد دامەزرا. ساڵی ١٩٤٢ وازی لە کاری ئیداری هیناو خەریکی بازرگانی بوو.

محەممەد نانەوازادە لاوی نیشتمانپەروەر، بە دائیم بیریی لە رزگاریی کوردستان دەکردوە. ناوبراو ساڵی ١٩٤١ وەك ئەندامی حیزبی "ئازادی"ی کوردستان وەرگیرا. رۆژی ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٢ کۆبوونەوەیەکی نهینی بە بەشداریی ناوبراو لە شاری مەهاباد پیك هات. بەشدارانی کۆبوونەوەکە یازدە کەس بوونو بریتی بوون لە: حوسین فرووهەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەبدولرەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەررسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەممەد نانەوازدە، عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولرەحمان کەیانی، سەدیق حەیدەری، قاسم قادری. ئەوانە کۆمەلەی ژیانەوەی کوردیان بە ئامانجی رزگاریی نەتەوەی کورد پیکهینا. ٢٥ی گەلاویژ واتە ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥کۆبوونەوەیەکی ئازادو گەورەتر لە شاری مەهاباد گیرا. لەو کۆبوونەوەیەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك یەکەم ریکخراوی سیاسیی خاوەن پیرەو پرۆگرامی پیشکەوتوو لە سەر بناخەی کۆمەلەی ژیانەوەی‌کورد (ژ ـ ك) بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد دامەزرا.

ساڵی ١٩٤٥ کاتیك هیزی پیشمەرگەی کوردستان پیکهات هاوری محەممەد پلەی سەرهەنگی (کۆلۆنیل)ی لە لایەن کۆمارەوە پی‌بەخشراو وەك فەرماندەری هیزی ناوەندیی کوردستان دیاری کرا. سەرهەنگ نانەوازادە رۆژی دووی ریبەندان (١٩٤٦/١/٢٢) یەکەم کەس بوو کە لە ریورەسمی راگەیاندنی کۆماری کوردستانو بەرز کردنەوەی ئالای پیرۆزی کوردستاندا، ریزی پیشمەرگایەتی (ئیحترامی نیزامی)ی بۆ سەرۆك کۆمار، پیشەوا قازی محەممەد بە جی‌هینا. ئەو شەشەمین کەس بوو کە بۆ ئازادیی کوردستان لە چەنگ ستەمی زۆرداران سویندی خوارد. سەرهەنگ نانەوازدە تەنیا مانگیك بە سەر ئەرکە پی‌ئەسپیردراوەکەی‌دا تیپەر ببوو کە لە لایەن وەزراتی بەرگری (دیفاع)ی کوردستانەوە مەئمووریەتی پیدرا چاوەدیریی ناردنی خواردەمەنی بۆ سەربازانی حکوومەتی ئیران بکا کە ئەو کاتە لە لایەن هیزی پیشمەرگەی کوردستان لە ناو دوو پادگانی نیزامیی هەلکەوتوو لە بانەو سەردەشت گەمارۆ درابوون. ناوبراو بۆ بەریوەبردنی ئەو ئەرکە چووە شاری سەقز. رۆژی دووشەممە ١٩٤٦/٧/١٥ بەرپرسی دیژبانیی مەهاباد بە ناوی کاك حامید مازووچی دەنیری کە چاوەدیری ژمارەیەك ماشینی هەلگری خواردەمەنی بۆ گەمارۆدانی ناو پادگانەکانی بانەو سەردەشت بکا.(هاوری حامید مازووچیش یەکیك لەو ئەفسەرانەی کۆمار بوو کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە لایەن ریژیمی پاشایەتیی پەهلەوی‌یەوە ئیعدام کران). سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە خۆی بە فرۆکە دەچیتە سەردەشتو شەو لەوی دەمینیتەوە. بەیانی رۆژی سی‌شەممە واتە ١٩٤٦/٧/١٦ بە فرۆکە دەچیتە بانەو لەوی چاوی بە حامید مازووچی دەکەوی‌و هاوریی دیموکراتی دەگریتە ئامیزو ماڵئاوایی لی‌دەکا. هاوری نانەوازادە لە دلدا هەستی بە رووداویکی دلتەزین دەکرد. ئەو پیی وانەبوو کە جاریکی دیکە هاوری حامید دەبینیتەوە. کاتژمیر دوازدەی نیوەرۆ بە فرۆکە دەچیتە سەقز. فرۆکەی هەلگری سەرهەنگ لە داوینی کیوی کەلیخان، نیزیك گوندی سونجی سەر بە شارستانی بانە ئاگری تیبەر دەبی‌و فرۆکەوانەکە بە چەتری نەجات خۆی فری دەداتە خوارەوەو چەترەکەی بۆ ناکریتەوەو بە سەختی بریندار دەبی. سەرهەنگ محەممەد نانەوازادەش لەگەل فرۆکەکە دەکەونە خوارەوەو لەشی بە تەواوی دەسووتی‌و لە جیوە شەهید دەبی. حامید مازووچی بە بیستنی ئەو خەبەرە دلتەزینە خۆی دەگەیەنیتە شوینی رووداوەکە. ناوبراو تەرمی هاوریی شەهیدی کە سەعاتیك لەمەوبەر ماڵئاواییان لیکتر کردبوو دەباتەوە بانەو لەویرا بۆ شاری سەقزی بەری دەکا. تەرمی شەهید محەممەد نانەوازادە بە هۆی سەروانیكو دوو گرووهبانی ئەرتەشی ئیرانی لە سەقزەوە بەرەو میاندواو لە ویشەوە بۆ مەهاباد دیتەوە. رۆژی چوارشەممە ١٩٤٦/٧/١٧ هەزاران کەس لە خەلکی ناوچە، لە هەموو چینو تویژیك، وەزیری هیزو ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوانی کورد، چەندین کیلۆمیتر بە پیشوازی تەرمی شەهیدی گەلو کۆمارەوە چوون. تەرمی ئەو شەهیدە سەربەرزە بە ریزی پیشمەرگایەتی‌یەوەو بە مەبەستی ماڵئاوایی کردن لە سەر شانی ئۆگرانی ریگاو ریبازەکەی بە شەقامەکانی قازی‌و وەفایی‌دا بۆ گۆرستانی مەلا جامی راگویزراو لەوی بە خاکی پاکی نیشتمان ئەسپیردرا.

شەهید سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە دوای خەلیل خۆشەوی دووهەم هەلۆی بەرزەفری کۆماری کوردستان بوو کە گیانی پاکی فیدای نیشتمانی ئازاد کرد. ئەو یەکەم کەس لە ناو سویندخۆرەکانو یەکەم فەرماندەو یەکەم پیشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە سەردەمی کۆماردا پلەی شانازیی شەهید بوون لە ریگای رزگاریی نەتەوەکەی‌دا پی‌برا. ناوی شەهید محەممەدی نانەوازادە لە میژووی پر کارەساتو لە ریزی شەهیدە بەرزەکانی ریگای ئازادیی کوردستاندا بۆ هەمیشە تۆمار کراو نەوەکانی داهاتووی ئەم خاكو نیشتمانە سەری ریزو ئیحترامی بۆ دادەنوینن. یادی هەر نەمر بیت.

❁❁❁

سەرچاوەکان:

١ ـ چل ساڵ خەبات لە پیناوی ئازادی. دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو

٢ ـ رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩

٣ ـ سایتی کاروانی نەمرانی دیموکرات

# بەریوەچوونی ریورەسمی نەورۆز لە زۆربەی شارەکانی کوردستان

**ریورەسمی نەورۆزی ئەمسالیش، هەروەك ساڵانی رابردوو لەگەڵ پیشوازیی گەرمی خەلك لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بەرەوروو بوو. سەرەرای ئەوە کە ریژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ئەمسالیش چەند رۆژ پیش هاتنی نەورۆزو نویبوونەوەی ساڵی هەتاوی، خۆی بۆ تیکدانو سەرکوتکردنی هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی خەلکی ئامادە کرابوو، بەلام خەلکی وریای ولاتەکەمان بەگوینەدان بە هەرچەشنە مانۆریکی ریژیم، ئاگری نەورۆزیان کردەوە، گەری هەلپەرکییان خۆش کرد، نوقلو شیرینییان بلاو کردەوە، پیرۆزبایی‌یان لە یەکتری کردو نارەزایەتیی خۆیان لە ریژیم نیشاندا.**

❖ رۆژی سی‌شەممە ١٣٨١/١٢/٢٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد بە پیی سیاسەتی هەمیشەیی، بەو هیوایە کە نەهیلن خەلك لەدەوری یەکتری کۆببنەوەو شایی بگیرن، ریژیم هیزەکانی خۆی لە چوارریانی ئازادی‌و زۆربەی شەقامو بەشە ناوەندی‌یەکانی شارو بەرزایی‌یەکانی دەوروبەری دامەزراند. بەلام هەروەك چاوەروان دەکرا لاوانی تیکۆشەری شار لە زۆربەی بەشەکان ئاگری چوارشەممە سوورییان کردەوەو دەستیان کرد بە شایی‌و هەلپەرکی.

هیزەکانی ریژیم کە چاوی دیتنی شایی خەلکیان نیە، بە مەبەستی شیواندنی وەزعەکە هیرشیان کردە سەر کۆبوونەوەکانی خەلكو نزیکەی ٣٠٠ کەس لە لاوانی نیشتمانپەروەری ئەم شارەیان دەست بەسەرکرد.

پیویستە بگوتری کە حەوتوویەك پیشتر واتە سی‌شەممە ١٣٨١/١٢/٢٠ی هەتاویش ریورەسمی چوار شەممە سووری پیشوەختو شایی گیران لە لایەن لاوانەوە بەریوە چوو بووو هیزەکانی ریژیمیش بۆ رۆژی دواتر دەستیان کرد بە گرتنی ژمارەیەك لە خەلکی ئەم شارە.

❖ ریورەسمی نەورۆز لە شاری مەریوان لە کاتیکدا بەریوە چوو کە گاردی تایبەتی ریژیم لە لاوەرا هینرابوە ئەو شارەو لیباس شەخسی‌و ئیتلاعاتی‌یەکانو بە گشتی هیزە ئینتیزامی‌یەکان لە حالەتی ئامادەباش دابوونو هەر چەند هەموو شوینەکان بە تایبەت ئەو شوینانەی کە ساڵانە ریورەسمی نەورۆزیان لی بەریوە چوە، خستبوە ژیر چاوەدیری، بەو حالەش خەلکی نیشتمانپەروەری شاری مەریوان لە سەر زۆربەی بەرزایی‌یەکانی دەوروبەری شار ئاگری نەورۆزیان کردەوەو لە سەرجەم گەرەكو شەقامو مەیدانەکانی شار بە باشترین شیوە بە پیشوازیی ساڵی نویوە چوون.

❖ لەگەل ئەوەدا ریژیم لە شاری سنە زۆری هەولدا پیش بە بەریوە چوونی ریورەسمی نەورۆزی لەلایەن خەلکەوە بگری‌و بەومەبەستەش هیزەکانی خۆی لە ئامادەباشی‌یەکی تەواودا لە شەقامو کۆلانەکانی شار بە تایبەت مەیدانی ئازادی‌دا دامەزراند بوو، بەلام خەلکی نیشتمانپەروەری شاری سنە بلیسەی ئاگری نەورۆزو گەری شایی‌یان بەجۆریك لیکتری گری دابوو کە گەرەکەکانی شەریف ئاوا، گەرەکی غەفوور، مەیدانی ئیقباڵ، مەیدانی ئەسلیی شار، شەقامی ٦ی‌بەهمەن، پارکی موزەفەری‌یەو ئاویەرو زۆر مەیدانو شەقامو کۆلانو شوینی دیکە دیمەنی دلرفینی نەورۆزیان بە خۆیانەوە گرتبوو.

❖ رۆژی شەممە ١٣٨١/١٢/٢٧ی هەتاوی کاتژمیر چواری ئیوارە تا کاتژمیر ٧/٥ خەلکیکی زۆر لە رۆلە نیشتمانپەروەرەکانی شاری بۆکان لە شەقامەکانی ئینقلابو کوردستان بە مەبەستی بەریوەبردنی ریورەسمی نەورۆزی کۆدەبنەوە، هاوکات لەگەل ئەوە کە دەیانهەوی ئاگری چوار شەممەسووری دابگیرسینن هیزە دژی گەلی‌یەکانی ریژیم بە تەواوی تواناوە دەکەونە گیانی خەلكو دەست دەکەن بە لیدانو دەستبەسەر کردنی لاوانی بەهەستی شاری بۆکانو زیاتر لە ١٥٠ کەسیان لی دەستگیر کردن.

رۆژی دواتریش هەر بەو مەبەستە خەلکیکی زیاتر لە رۆژی پیشوو کۆدەبنەوە بەلام دیسانیش لەگەڵ دژکردەوەی هیزە دژی گەلی‌یەکان بەرەوروو دەبنو لەگەڵ دەستەو یەخەبوونیان لەگەڵ ئەو هیزانەدا بە خویندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی"ئەی رەقیب"و دانی دروشمی(بژی حیزبی دیموکرات)و خویندنەوەی سروودی نەورۆزی، دیمەنی شارو ریورەسمی نەورۆزی‌یان رازاندەوە.

❖ هەروەك باقیی شارەکانی دیکەی کوردستان لە شارەکانی پاوەو سەقزیش سەرەرای ئامادەباشی تەواوی ریژیم خەلکی ئەم شارە خۆراگرانەش لەگەل کردنەوەی ئاگری نەورۆزو شایی لە شەقامو مەیدانەکانی شار بە پیشوازیی ساڵی نویوە چوون. دیارە لە شاری سەقز ریژیم بە پیی هەواڵ زیاتر لە ٣٠ لاوی ئەو شارەی دەست بە سەر دەکاو ئەو رۆژە شار بە تەواوی حالەتیکی نائاسایی بە خۆیەوە دەگری.

بی‌شك تا ئەو رۆژەی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی لە دەسەلاتدا بی، خەلکی ئازادیخوازو پیشکەوتنخوازی ولاتەکەمان بە هەر بۆنەو مەبەستیك لە دەوری یەك کۆدەبنەوەو بیزاریی خۆیان لە ریژیم دەردەبرنو ئەوراستی‌یە دووپات دەکەنەوە کە ئەوە ریژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی‌یە کە دەبی بەچۆك دابی‌و نەمینی نەك کۆمەلانی خەلکی نیشتمانپەروەری کوردستانو ولاتەکەمان.

❁❁❁

## بەریوەچوونی ریورەسمیکی نەورۆزی لە لایەن کومیتەی هاوکاری لە ئالمان

رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٣/٣/٢٣ی زایینی بە بۆنەی نویبوونەوەی ساڵی هەتاوی بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ولاتی ئالمان لە لایەن کومیتەی هاوکاری‌یەوە (پیکهاتوو لە ١٩ حیزبو ریکخراوی کوردی سەر بە هەموو ناوچەکانی کوردستان) ریورەسمیکی بەشکۆی نەورۆزی بەریوە چوو.

ریورەسمەکە کاتژمیر ٥ی دوانیوەرۆ بەسروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بیدەنگی بە نیشانەی ریزلینان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پی‌کردو پاشان پەیامی کۆمیتەی هاوکاری بەو بۆنەوە بە دوو زاراوەی کوردیی کرمانجی‌و سۆرانی‌و زمانی ئالمانی پیشکیش کرا.

لەو ریورەسمە بە شکۆیەدا جگە لە هەلپەرکی‌و خویندنەوەی شیعری شۆرشگیری لە لایەن شاعیرانو هەستیارانەوە، هونەرمەندان شوان پەروەر، نەجمەددین غولامی، مەحموود عەزیز، بەکر لەگزی، ئەوین ولات، ریزانو سەعید یووسفو... بە پیشکەش کردنی بەرهەمە هونەری‌یەکانیان، گەرمی‌یەکی زیاتریان خستە نیو دلی بەشداربووەکانەوە. هەروەها لە کۆتایی ریورەسمەکەدا بەشداران یەکدەنگ هەر چەشنە دەست تیوەردانیك لە کاروباری نیوخۆی پارچەکانی کوردستانیان مەحکووم کرد. شایانی باسە ئەو ریورەسمە شکۆدارە کاتژمیر ٩ی دوانیوەرۆی ئەو رۆژە کۆتایی پی‌هات.

# سەبارەت بە ریفراندۆمی ١٢ای خاکەلیوەی ١٣٥٨

پاش سەرکەوتنی شۆرشی بە شکۆی گەلانی ئیران‌و رووخانی ریژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لە مانگی ریبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی‌و لە کاتیکدا کە خەلکی ئیران چاوەروانی گەیشتن بە ئازادی‌و وەدیهاتنی ویستەکانیان‌و هاتنە سەرکاری حکوومەتیکی گەلی بوون، خومەینی‌و هاوبیرەکانی بە کەلك وەرگرتنی نارەوا لە هەستی مەزهەبیی خەلکی ئیران‌و بە گەلالە کردنی کۆمەلیك دروشمی تەمومژاوی‌و هەلخەلەتینەر، خەلکی ئیرانیان لە رۆژانی ١٠و ١١ی خاکەلیوەی ١٣٥٨ی هەتاوی‌و لە ریفراندۆمیکدا بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان راکیش کرد تا لە نیوان ریژیمی پاشایەتی‌و کۆماری ئیسلامی‌دا یەکیکیان وەك نیزامی حکوومەتیی داهاتووی ئیران هەلبژیرن.

خەلکی ئیرانیش کە ریژیمی پاشایەتییان دەناسی، لە دەستی وەزالە هاتبوون‌و دژی راپەریبوون، ئاسایی بوو کە دەنگ بە مانەوە یان زالبوونەوەی ریژیمیکی ئەوتۆ نەدەن‌و بە قازانجی ئەو تاك ئالترناتیڤە داسەپاوە، واتە"کۆماری ئیسلامی" بە گویرەی قسەی خومەینی" بە بی وشەیەك کەم‌و زیاد" دەنگی خۆیان باوینە سندووقەکانەوە‌و بەمجۆرە رۆژی دوازدەی خاکەلیوە وەك رۆژی کۆماری ئیسلامی لە رۆژ ژمیرو میژووی ولاتەکەماندا تۆمار بکری‌و ریژیمیك لە ئیراندا بیتە سەرکار کە نەك هەر هیچ چەشنە باوەریکی بە ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ نەبوەو نیە، بەلکوو ئەو نەختە ئازادی‌یە تاکەکەسی‌و کۆمەلایەتییانەش کە خەلکی ئیران تا ئەودەم هەیانبوو، پیشیلی کردن. بە شیوەیەك کە جۆری جلوبەرگ، هاتوچۆی دۆستانەو تیکەلاویی بنەمالەیی، شایی‌و هەلپەرکی، هونەرو موسیقی‌و... بە توندی لە لایەن هیزە توندرەوو دژی گەلی‌یەکانی سەر بە ریژیمەوە پیشیان پی گیراو بە کردەوە لە خەلك قەدەغە کران، ئەمە سیاسەتیکە کە ریژیم هیشتاش بەریوەی دەباو بۆتە هۆی بی‌بەشکردنی خەلکی ئیران لە خۆشی‌یەکانی ژیان‌و سزای بەزاندنی هیلە سوورە بی ئەژمارەکانی ریژیمیش زۆر قورسە.

گەرچی فرتوفیلی، چەواشەکاری‌و ئەو دروشمانەی کە ئاخوندەکان هەلیان گرتبوون‌و هەروەها کەلك وەرگرتنی نارەوا لە هەستی مەزهەبیی خەلك نەخشیکی کاریگەریان لە هاتنە سەرکاری ریژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی‌دا هەبوو، بەلام لەم پیوەندی‌یەدا ناکری رەخنە لە هیزە پیشکەوتنخوازو دیموکراتەکان نەگیری. چونکە ئەم هیزانە جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە هەر لە سەرەتاوە دژی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بووو ریفراندۆمەکەی خاکەلیوەی ١٣٥٨ی هەتاویی تەحریم کرد، هیزەکانی دیکە هەولیکی ئەوتۆیان لە پیناو ئاشکرا کردنی نیوەرۆکی دەسەلاتی مەزهەبی، ئەویش لە شیوەی ویلایەتی فەقیە نەداو لەم پیوەندی‌یەدا کەمتەرخەمییان کردو ئەرکی رۆشنگەری سەبارەت بە نیوەرۆکی ریژیمی سەیرو سەمەرەو نامۆ، بەلام چاوەروانکراوی کۆماری ئیسلامییان وەپشتگوی خست. زۆری پی‌نەچوو کە ریژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو، دژایەتیی خۆی لەگەل سەرجەم ئەو ویست‌و داخوازە سەرەکی‌و بنەرەتییانە کە خەلکی ئیران لە شۆرشی بە شکۆی سالی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا هینابوویانە گۆری، دەربری‌و بە توندی دژی ئازادی‌و ئازادیخوازان وەستایەوەو بەلایەکی بە سەر ئیران‌و خەلکی ئیراندا هینا کە تەنانەت بۆ خۆشمان وەك خەلکی ئیران ناتوانین بە تەواوی سەرجەم ئەو بەسەرهات‌و کارەساتانەی کە بە سەرمانی هیناون بگیرینەوە.

رق‌و بیزاریی خەلکی وەزالە هاتوو لە سیاسەت، کردەوەو سەرکوتی درندانەی خەلکی ئیران، لە دوا سالەکانی دەیەی دووەمی دەسەلاتداریتیی کۆماری ئیسلامی‌دا بووە هۆی ئەوە کە چەند مۆرەو کار بەدەستیکی ناسراوو نەناسراوی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران بەمەبەستی هیشتنەوەو دریژتر کردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌و ریگرتن لە رووخانی بی ئەملاو ئەولای ریژیم‌و کەمکردنەوەی رق‌و بیزاریی خەلك، باسی ریفۆرم لە چوارچیوەی ئەو ریژیمەدا بکەن‌و بۆماوەیەك دەستی دەستییان بە خەلك کردو تووشی دردۆنگییان کرد. بەلام زۆری نەخایاند کە ئەو شانۆگەری‌یەش کۆتایی هات‌و بۆ هەموان دەرکەوت کە نە ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران تەنانەت بە مەبەستی دریژەی دەسەلاتیشی، دەکری ریفۆرمی تی‌دا بکری‌و نە ریفۆرمی دلخوازی بەناو ریفۆرمخوازانی نیو حاکمییەتیش ـ تەنانەت ئەگەر جیبەجی ببی ـ دەتوانی ویستە سەرەکی‌یەکانی گەلانی ئیران بینیتە دی. لەوەش گەریین کە قۆلی ریفۆرمخواز تەنانەت نەی‌توانی ئەو ریفۆرمانەش جیبەجی بکا کە ئەگەر باوەری پییان بوایەو سوور بوایە لە سەریان، دەی‌توانی لە چوارچیوەی دەسەلاتی‌دا بە ئەنجامیان بگەیەنی.

شکستی بەردەوامی قۆلی ناسراو بە ریفۆرمخوازو پاشەکشەی بی‌پسانەوەی لە بەرامبەر قۆلی پاوانخوازدا، زۆر زوو دەری خست کە ئەم قۆلەو ریبەرەکەی نە نوینەری ویستەکانی خەلکن‌و نە پیاوی ئەو مەیدانەشن. بۆیە رەفتارو سیاسەتەکانی بووە مایەی دلساردیی سەرجەم ئەوکەسانەی کە ماوەیەك دلیان بە ریفۆرمەکانی خۆش کردبووو لەو بارەوە تووشی دردۆنگی ببوون.

قۆلی ناسراو بە ریفۆرمخواز لەم دواییانەدا کە ناچار بوو دان بە شکست‌و پاشەکشیی خۆی‌دا بنی، هەولی دا تا شکستی خۆی بە مەسەلەی روون نەبوونی دەسەلاتی سەر کۆمارو دەسەلاتی بی سنووری دامودەزگاکانی دیکە پاساو بداتەوەو لەم پیوەندی‌یەدا گەلالەی دیاریکردنی سنووری دەسەلاتی سەرکۆماری هینایە گۆری‌و هەرەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر گەلالە پیشنیارکراوەکانی سەرکۆمار بۆ مەجلیس، رەت بکرینەوە، پەنا دەباتە بەر ریفراندۆم‌و بەم چەشنە مەسەلەی ریفراندۆم دیسان هاتەوە گۆری‌و کەوتە سەر زارو زمانی خەلك. بەلام ئەو فیلە نەئیستاو نە لە داهاتوودا ناتوانی، دیسان بەشیك لە خەلك لە خشتە بەری‌و دلی خەلکی دلخۆش بکا. چونکە ئاشکرایە کە ئەو ریفراندۆمەی کە ئەم قۆلە باسی دەکا، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری حکوومەت لە ئیراندا نیە، بەلکوو بۆ چارەسەری هیندی کیشەی نیوان دوو قۆلی ریژیم هینراوەتە گۆری، کە ئەگەر بەریوەش بچی، هیچ کیشەیەك لە کیشەکانی خەلك چارەسەر ناکاو هیچ کام لە ویستە سەرەکی‌یەکانی گەلانی ئیران ناهینیتە دی. بۆیە خەلك بایەخیکی ئەوتۆیان نەداوەتی‌و لایان لی نەکردۆتەوە.

هاوکات لەگەل هاتنە گۆری گەلالەی ریفراندۆم لە لایەن قۆلی بەناو ریفۆرمخوازانی نیو دەسەلاتەوە، هیندیك لە کەسایەتی‌یە خەباتگیرو نیشتمانپەروەرەکانی ولاتەکەشمان مەسەلەی ریفراندۆمیان هیناوەتە گۆری بەلام ئەمان مەبەستیان لە ریفراندۆم دیاریکردنی سیستمی حکوومەتی لە ئیران دایە. هەرچەند هینانە بەر باسی ریفراندۆمیکی لەم چەشنە لە لایەن ئەم کەسایەتییانەوە لە فکریکی سالم‌و نیازپاکیی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتوەو هەر لە بنەرەتیش‌دا پەنا بردنە بەر ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری سیستمی ولات هەنگاویکی دیموکراتیکە، بەلام دەبی ئەوەش بزانین کە بەریوەچوونی هەر چەشنە ریفراندۆمیك لە ژیر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، مەبەستی راستەقینەی خۆی ناپیکی. چونکە ئەگەر لە ریفراندۆمی خاکەلیوەی سالی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا فەرمانرەوایانی ئیستای کۆماری ئیسلامی پەنایان بردە بەر فرتوفیل‌و چەواشەکاری‌و کەلك وەرگرتنی نارەوا لە هەستی مەزهەبیی خەلك، ئیستا سەروەت‌و سامانی ولات‌و زۆرو دەسەلاتیان ویکرا لە بەردەست دایە. ریفراندۆمی راستەقینە لە پیناو مەبەستە واقیعی‌یەکەی‌داو دیاریکردنی نیزامیکی گەلی لە ئیراندا تەنیا کاتیك بەریوە دەچی کە کۆماری ئیسلامیی ئیران لە ئاکامی خەباتی شیلگیرانەو لیبراوانەی گەلانی ئیراندا رووخابی‌و رووخانیشی ریگا بۆ بەریوە چوونی ریفراندۆمیك کە نوینگەی ویست‌و ئیرادەی گەلانی ولاتەکەمان خۆش کردبی‌و ئازادی‌یەکی تەواویش بۆ هەلبژاردنی جۆری حکوومەت دابین کرابی.

***

# هەنگاویکی باش لەپیناوی بەهیزکردنی یەکیەتیی میللی‌دا

نوینەرانی هیندیك لە ریکخراوە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئیرانی لە بەیاننامەیەکدا باسی دامەزرانی ریکخراویك بەناوی "یەکیەتیی گەلانی ئیرانی بۆ دیموکراسی"یان کردوە. لەم بەیاننامەیەدا کە لە سەرەتای خاکەلیوەی سالی ١٣٨٢ی هەتاوی‌دا بلاو کراوەتەوە، تیی‌دا نوینەرانی ریکخراوە بەشدارەکان بۆچوونی خۆیان لە پیوەندی لەگەل سیستمی حکوومەتیی پاش کۆماری ئیسلامی‌دا دەربریوەو یەکیك لەو بۆچوونانە پیشنیارکردنی فیدرالیزم وەك گونجاوترین سیستمی بەریوەبردنی ولاتە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە بەردەوام بانگەواز بۆ یەکیەتیی‌و هاوکاریی نیوان گەلانی پیکهینەری کۆمەلگای ئیران‌و هەروەها هاوکاری‌و هاودەنگیی نیوان سەرجەم ریکخراوە پیشکەوتنخوازەکانی ئیران بۆ خەبات لە پیناوی وەدیهینانی ئازادی، دیموکراسی‌و دادپەروەریی کۆمەلایەتی لە ولاتە خۆشەویستەکەماندا کردوە، بە چاوی ریزەوە لەم هەنگاوەی ئەم هاورییانە دەروانی‌و بە هەنگاویکی باشی لە پیناوی بەهیزکردنی یەکیەتیی میللی‌و هەروەها لیك نزیکبوونەوەو هاوکاریی حیزب‌و ریکخراوە پیشکەوتنخوازەکانی ئوپۆزیسیۆن دەزانی.

ئەمەش دەقی بەیاننامەی یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی‌یە:

**بەیاننامەی یەکیەتیی گەلانی ئیران لە پیناوی دیموکراسی‌دا**

ولاتی ئیران هەر لە کۆنەوە موزاییك‌و پیکهاتەیەك بووە لە گەلان‌و نەتەوە جیاجیاکان.

لەم بارودۆخەی ئیستادا، فیدرالیزم وەك گونجاوترین سیستم بۆ بەریوەبردنی ولاتەکەمان هاتۆتە گۆری. چونکە فیدرالیزم بە دامەزرانی سیستمیك کە لە ویست‌و ئیرادەی گەلانی ئیرانەوە بۆ جیگیربوونی دیموکراسی سەرچاوە دەگری، یەکیەتیی خاکی ئیران دەپاریزی.

دەستەی دامەزرینەری یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی لە کۆبوونەوەکانی خۆی‌دا کۆمەلیك ئوسوولی وەك چوارچیوەیەك بۆ پیکهینانی یەکیەتی‌یەکی بەرینی پیکهاتوو لە تیکرای گەلانی ئیران پیشنیار دەکا کە: جیگیرکردنی نیزامیکی فیدرال لەسەر بنەمای ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، جیایی دین لە دەسەلات، پاراستنی یەکیەتیی خاکی ئیران، سەقامگیربوونی دیموکراسی‌و هەروەها رەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی‌دا لە بنەما سەرەکی‌یەکان بن.

دامەزراندنی سیستمیکی نویی فیدرال بۆ پاراستنی هاوپیوەندی‌و یەکیەتیی دلخوازی گەل‌و نەتەوە ئیرانی‌یەکان هەنگاویکی گرنگە. یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی خوازیاری هاوکاری‌و پشتیوانیی گشت ئەو هاونیشتمانانەیە کە سەرەرای جیاوازیی ئایینی، نەتەوایەتی، قەومی، نەژادی‌و بۆچوونی سیاسی، باوەریان بە دیموکراسی هەیە.

یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی باوەری بەم بنەمایانەی خوارەوە هەیە:

١ـ دامەزراندنی سیستمیك کە تیی‌دا چوارچیوەی دەسەلاتی دەولەتی فیدرال بە گویرەی قانوونی ئەساسی‌و ئورگانە هەلبژیردراوەکان دیاری دەکری.

٢ـ سیاسەتی دەرەوە، ئەرتەش، سیاسەتی ئابووریی ولات، ریککەوتننامە نیونەتەوەیی‌یەکان، دارشتنی ریوشوینی بازرگانی، دراو، پیوانەکان بە پیی ویستی دەولەتی فیدرالن.

٣ـ دابەشکردنی[ئیداریی] ولات لە گۆر ویستی خەلکی ناوچە جیاجیاکان‌و بە پیی تایبەتمەندی‌یە نیونەتەوەیی‌و قەومی‌یەکان دەبی.

٤ـ یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی باوەری بە خەباتی ئاشتییانە بۆ وەدیهینانی ئامانجەکانی هەیە. بەلام هەر لەو کاتەدا ئەوەش بە مافی خەلك دەزانی کە لە بەرامبەر دەستدریژیی ریژیم‌دا بەرگری لە خۆیان بکەن.

یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی، داوای هاوکاری لە سەرجەم هاونیشتمانە ئازادیخوازەکان دەکاو هەروەها هەموان بۆ دارشتنی چوارچیوەی نیزامیکی فیدرال‌و دیموکراتیك بانگهیشتن دەکا.

هەر بە هاوکاری‌و پشتیوانیی یەکدی دەکری ریژیمی سەرەرۆی مەزهەبی بە چۆکدا بی‌و نیزامیکی نوی بنیات بنری.

یەکیەتیی گەلانی ئیران بۆ دیموکراسی

خاکەلیوەی ١٣٨٢ (مارسی ٢٠٠٣)

١ـ "جوما بورش" بە نوینەرایەتیی ریکخراوی بەرگری لە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی تورکمەن

٢ـ عەبدوللا سەعیدی بە نوینەرایەتیی عەشیرەکانی باشووری ئیرانەوە

٣ـ زیاسەدرولئەشرافی بە نوینەرایەتیی ناوەندی فەرهەنگیی ئازەربایجانەوە

٤ـ پەرویز زەرغامی بە نوینەرایەتیی یەکیەتیی عەشیرەکانی باشووری ئیرانەوە

٥ـ عەبدولرەزا کەریمی



# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئا: ئەشکان

## سەرکەوتنی لاوانی کوردستان لە زۆرانی ئیراندا

یاری‌یەکانی زۆرانی شان‌و ملی لاوانی ئیران (ژیر بیست سال) کە لە دوو گرووپی ئەلف‌و بێ‌دا بەریوە چوو، رۆژی ١٦ی رەشەمە کۆتایی پی‌هات. لە ئاکامی یاری‌یەکانی گرووپی ئەلف کە لە شاری سنە بەریوە چوو، سی تیمی سەرکەوتووی ناوچەکانی ئیران بەشدار بوون کە لە کۆتایی‌دا تیمی ئوستانی کوردستان بە ٤٨ خال پلەی یەکەمی وەدەست هینا. بە دوای کوردستان، مازەندەران‌و کرمان بە ٤٧و ١٠ خال پلەی دووهەم‌و سیهەمیان وەدەست هینا. پیویستە بگوتری کە ئەم یارییانە بە شیوەی دەورەیی و تیمی بەریوە چوون.

دوو تیمی یەکەم‌و دووهەم لەگەل دوو تیمی سەرکەوتووی گرووپی بی لە یاری‌یەکانی کۆتایی‌دا کە بە شیوەی تیمی‌و دەورەیی بەریوە دەچی بەشداری دەکەن.

## دوو یاریزانی کورد لە تیمی فووتبالی ئیراندا

لە لایەن مەجید جەلالی راهینەری تیمی فووتبالی لاوانی ئیران (ژیر بیست سال)ەوە، دوو یاریزانی ئوستانی کوردستان بە ناوەکانی محەممەد محەممەدیان‌و زیائەددین نیک‌نەفس بۆ تیمی لاوانی ئیران بانگ کران تا لە راهینانەکانی ئەم تیمەدا بەشداری بکەن. مەجید جەلالی لە سەرتاسەری ئیران ٢٩ یاریزانی دەعوەت کردوە تا لە کۆتایی‌دا، ٢٠ یاریزان بۆ یاری‌یە نیونەتەوەیی‌یەکان لە ئیتالیا دیاری بکا کە کۆتایی مانگی خاکەلیوە بەریوە دەچن.

## بەشداری زۆرانەوانانی کورد لە یاری‌یە ئاسیایی‌و جیهانی‌یەکاندا

بۆ بەشداری لە یاری‌یەکانی زۆرانی ئازادو شان‌و مل (جیهانیی‌و ئاسیایی) سی زۆرانەوانی کورد هەلبژیران. لە زۆرانی ئازاددا، فەرەیدوون قەنبەری لە کیشی ٨٤ کیلۆو ئەشکان ئەزەلی‌فەر لە کیشی ١٢٠ کیلۆدا هەر دوو لە کرماشانەوەو هەروەها لە زۆرانی شان‌و ملدا عەلی‌رەزا غەریبی لە کیشی ١٢٠ کیلۆ لە ئیلامەوە بۆ تیمی زۆرانی ئازادو شان‌و ملی ئیران دیاری کران تا لە یاری‌یەکانی جیهانیی‌و ئاسیایی سالی ٢٠٠٣دا بەشداری بکەن.

## کوردستان بۆتە خاوەنی پلەی دووهەمی یاری‌یەکانی سووریە

تیمی ئوستانی کوردستان بە نوینەرایەتیی ئیران لە یاری‌یەکانی تیکواندۆی نیودەولەتی لە سووریەدا بەشدار بووو لە ئاکام‌دا پلەی دووهەمی وەدەست هینا. لەم یارییانەدا کە حەفتاو حەوت ولات بەشداریی‌یان تیدا کردبوو، تیمی ئوستانی کوردستان، دوو میدالی زیرو دوو زیوو دوو میدالی برۆنزی وەدەست هیناو بە دوای ئۆردۆن‌دا پلەی دووهەمی وەدەست هینا. میوانداری یاری‌یەکان سووریە، پلەی سیهەمی وەدەست هینا.

## تیمی زۆرانی کرماشان لە جامی "میدوید" لە رووسیە

تیمی زۆرانی ئازادی ئوستانی کرماشان بە نوینەرایەتیی ئیران لە پیشبرکی نیونەتەوەیی‌یەکانی زۆرانی جامی "میدوید" لە رووسیە بەشدار بوو. جامی "میدوید" یەکیك لە گرینگترین پیشبرکی‌یەکانی زۆران لە ئاستی جیهان دایە کە هەموو سالیك بە بەشداریی دەیان ولات بۆ ریزگرتن لە ئەلیکساندر میدوید (باشترین زۆرانەوانی میژووی جیهان) بەریوە دەچی.

ئەم پیشبرکی‌یانە رۆژی ١٠ی خاکەلیوە کۆتایی پی‌هات‌و لە ئاکام‌دا زۆرانەوانەکانی کرماشان چەند پلەو میدالیان وەدەست هینا. لە کیشی ٨٤ کیلۆدا، فەرەیدوون قەنبەری پلەی سیهەم‌و میدالی برۆنزی وەدەست هینا. هەروەها لە کیشی ٦٠ کیلۆدا محەممەد عەلی گەنجابی پلەی چوارەم‌و لە کیشی ٨٤ کیلۆدا پیر محەممەدی پلەی حەوتەمی وەدەست هینا.

❊❊❊

# گرفتی ناوبژیوان لە فووتبالی ئیراندا

رەحیم ئەحمەدی‌پوور

ئاکامی کاری یاریزان، راهینەرو سەرۆکی یانەکان‌و...، لە دەستی ناوبژیوان دایە. کەوابوو ناوبژیوانی بەشیکی بنەرەتی‌و گرنگی فووتبالە. ئەگەر ناوبژیوان کەشوهەوایەکی پاریزراوو ئەمن بۆ یاریزان‌و راهینەر پیك نەهینێ، ئەگەر نەتوانێ عەدالەت‌و بێ‌لایەنی بەجێ بینێ، ئاکامی زەحمەت‌و ماندوو بوونی یاریزان‌و راهینەر بە فیرۆ دەروا. ناوبژیوان بناغەی پیش خستن‌و گەشەپیدانی کاری یاریزان‌و راهینەرو بە گشتی چوونە سەری ئاستی فووتبال پیك دینێ. لە ولاتی ئیمەدا بۆ ناوبژیوانی کردنی هەر یاری‌یەك ٢٠هەزار تمەن دەدرێ بە ناوبژیوان، بەلام یاریزانیك دەیان میلیۆن تمەن وەردەگرێ! ئەگەر ناوبژیوانیك لە مانگیك دا ٤ یاری بەریوە بەریت ٨٠ هەزار تمەن وەردەگرێ، لە کاتیك‌دا ئەگەر ئەو ناوبژیوانە هەر کارو پیشەیەکی جیاوازو شەرافەتمەندانەی دیکەی هەبێ لانیکەم دووبەرامبەری ئەو برە پارەیە وەدەست دینێ‌و تووشی زۆر بێ‌حورمەتی‌و سووکایەتیش نابێ.



کەوابوو ئیستا لەم بەینەدا فیدراسیۆنی فووتبالی ئیران‌و کۆمیتەی فیرکاریی ناوبژیوانی تاوانبارن، لە بەر ئەوەی فووتبالی ئیران یەکیکە لە فووتبالە بەهیزەکانی ئاسیا. بەلام لە جامی جیهانیی ٢٠٠٢دا ئیران نەك لە ناوبژیوانی‌دا نوینەری نەبوو بەلکوو ئیستاش لە لیگی نیوخۆیی‌دا تووشی کیشەی ناوبژیوانی‌یەو ئەم کیشەیە بۆ فووتبالی ئیران بووە بە کیشەیەکی بنەرەتی‌و گرینگ. ئەگەر سەرنج بدەینە خەرجی لەرادەبەدەری یانەکان لە لیگی حیرفەیی‌دا دەبینین کە یاریزانیکی ئاسایی لە بەستنی بۆندیك‌دا ٥٠ تا ١٠٠ میلیۆنی بە نسیب دەبێ، بەلام ناوبژیوانیکیش تەنیا ١٠٠ هەزار تمەن لە مانگیك‌دا وەردەگرێ.

ئیستا بەم هەلومەرجە دژوارەوە چۆن ئەبێ چاوەروانی ناوبژیوانی‌یەکی باش بین‌و بەهیوا بین کە ناوبژیوانیك حەق بە حەقدار بداو عەدالەت بەجێ بینێ؟! ئەگەر بەراستی خوازیاری عەدل‌و عەدالەتین ئەبێ ئاستی فیرکردنی ناوبژیوانی بەرینە ئاستیکی بەرزەوەو، هەروەها گرینگی بدرێ بە ژیان‌و پیداویستیی ناوبژیوانەکان، بە تایبەت لە باری مالی‌یەوە کارەکەیان چارەسەر بکرێ. ئەگەر هەلومەرجی لەبار بۆ ناوبژیوانەکان پیك بێ‌و کیشەکانیان خاشەبر بکرێ، هیچ کاتیك حەق ناکرێ بە ناحەق‌و، کارناسان‌و راهینەران‌و بلاو کراوەکانیش ئەوەندە رەخنە لەو خۆشەویستانەی فووتبال ناگرن. ئیستا دەبینین ماوەی یەك دەیەیە کە ناوبژیوانە ئیرانی‌یەکان غیرەتی ئەوە بە خۆیان نادەن کە ناوبژیوانیی یاری‌یەکانی نیوان"پرسپۆلیس"و"ئیستقلال" لە ئەستۆ بگرن.

❊❊❊

# پیکهاتنی کۆمیتەیەك بە مەبەستی نەجاتدانی ئیرانی‌یەکانی دانیشتووی عیراق

ژمارەیەك لە ئیرانی‌یەکانی نیشتەجیی دەرەوەی ولات، بە دوای دەست پیکردنی هیرشی نیزامیی ئەمریکاو بریتانیا بۆ سەر حکوومەتی عیراق، بە مەبەستی نەجاتدانی ئەو ئیرانییانەی ئیستا لە عیراق دەژین، "کومیتەی نەجاتی ئیرانی‌یەکانی دانیشتووی عیراق"ی پیك هیناوە. ئەو کومیتەیە لە دووهەم راگەیاندراوی خۆی‌دا دەلی: "لەم هەلومەرجە پر مەترسی‌یەدا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە بۆ راگرتنی هەرچی زووتری شەر، هەنگاوی جیددی هەلبگرین‌و بچینە یارمەتیی خەلکی ئازار چیشتووی عیراق. ویرای ئەوە بۆ نەجاتی گیانی ئەو ئیرانییانە هەول دەدەین کە ئیستا لە عیراق گرفتارن‌و بە پیچەوانەی ویستی دلی خۆیان لە عیراق‌دا ماونەوە". کومیتەی ناوبراو لە راگەیەندراوەکەی‌دا باسی هیندیك لە هەولەکانی خۆی کردوە. بۆ وینە نووسینی چەند نامە بۆ کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران، بۆ ریبەرانی حیزبە سیاسی‌یەکان لە مەجلیسی سەناو مەجلیسی شوورای میللیی هولەند، ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردن‌و... . کومیتەکە داوا دەکا هەر ئیرانی‌یەك لە هەر ولاتیك دەژی، بە نووسینی نامە بۆ کاربەدەستانی ئەو ولاتە، لەو پیوەندی‌یەدا داوای هاوکارییان لێ‌بکەن.

# بەریوەچوونی دوو پیشبرکیی وەرزشی





بەشی وەرزشی لیکۆلینەوەو فیرکردنی حیزب بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو سالی ١٣٨٢ی هەتاوی دوو کیبەرکیی وەرزشیی لە رشتەکانی شەترەنج‌و پینگ پۆنگ لە نیوان ژمارەیەك لە کادرو پیشمەرگەکانی حیزبدا بەریوە برد.

لە ئاکامی یاری‌یەکانی شەترەنج‌دا کە لە رۆژی ١٠ی رەشەمە دەستی پی‌کردو تا رۆژی ١٣ی رەشەمەی خایاند، هاورییان حەیدەر کاکازادە لە کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی‌و رەسوول شەریفی لە کۆمیسیۆنی ئامووزش پلەکانی یەکەم‌و دووهەمیان وەدەست هینا.

هەروەها لە ئاکامی یاری‌یەکانی پینگ پۆنگیش‌دا کە رۆژی ١٨ی رەشەمە دەستی پی‌کردو تا رۆژی ٢١ی رەشەمەی خایاند، هاورییان سمکۆ سلیمانپوورو رەحمان غەفووری پلەکانی یەکەم‌و دووهەمیان وەدەست هینا.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکرات‌و پیشکەوتووەکانی ئیران تێ‌بکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 362 4 Apr 2003

رادیۆی دەنگی کوردستان ئێران لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت: www.kurdistanmedia.com rdk_iran@yahoo.com

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

## جێژنی لە دایكبوونی پەیامهێنەری "بیری چاك، وتاری چاك، كرداری چاك" پیرۆز بێ




زەرتوشتی‌یەكان ڕۆژی ٦ی خاكەلێوەی ساڵی ١٧٦٧ی بەر لە زایین، بە ڕۆژی لە دایكبوونی پێغەمبەری خۆیان، زەرتوشت دەزانن. زەرتوشت ئەم پەیامهێنەرەی "بیری چاك"، "وتاری چاك" و "كرداری چاك"، لە ٣٠ ساڵی‌دا دەستی كرد بە بڵاوكردنەوەی پەیامەكەی. ئەو پێغەمبەرە پەیامی خۆی لە ١٧ سروودا كە "مانتۆرا"و "گاتا"شیان پێ‌گوتراوە كۆكردەوە. گاتاكان لە ڕووی كێش‌و ئاهەنگەوە دەبن بە پێنج بەش:

"اهنود"، "اشتود"، "سپمند"، "وهوخشتر" و "هشتوایست". ئایینی زەرتوشتی دەڵێ هەر مرۆڤێك لە سەرەتی بیری چاك، وتاری چاك‌و كرداری چاكی هەبێ بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێكی لێوەشاوەو بە كەڵك. زەرتوشت لە تەمەنی ٧٠ ساڵی‌و لە وەرزی زستاندا بە مەرگی سروشتی مرد.

**"كوردستان" بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو زەرتشتی‌یەكان بە تایبەتی زەرتوشتی‌یەكانی ئێران دەكا.**


## قۆڵبەست كرانی وەرگرانی خەڵاتی ئاشتی نوبێل




لە خۆپیشاندانێك بە دژی شەڕ كە لە بەرامبەر كۆشكی سپی‌دا لە واشینگتۆن بەڕێوە چوو، دوو وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نوبێل‌و دوو قەشە گیران. خاتوو "مارید كوریگان ـ مەگوار" كە ساڵی ١٩٧٦ خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی وەرگرت‌و هەروەها "جۆدی ویلیامز" كە ساڵی ١٩٩٧ ئەو خەڵاتەی پێدرا خۆپیشاندانێكی ٦٠ كەسییان بە دژی شەڕ بەڕێوە دەبرد. خۆپیشاندەران كاتێك هێڵی دیاریكراوی پۆلیسیان بەزاند، گیران‌و دەستبەندیان خرایە دەست. خاتوو "كوریگان ـ مەگوار" پێش ئەوەی بگیرێ، گوتی بڕیارم داوە بە دژایەتی لەگەڵ شەڕ هەموو ڕۆژێ بێم بۆ خۆپیشاندان لە بەردەركی كۆشكی سپی‌و هەتا مانگی داهاتوو ئەم كارە دووپات دەكەمەوە.

سەرچاوە: BBC Persian

## مەرگی خوێناوی‌و نابەوەختی كاوەی گوڵستان



ڕۆژی چوارشەممە، ١٣ی خاكەلێوەی ١٣٨٢، وێنەگری بە ناوبانگی ئێرانی، كاوەی گوڵستان لە نزیك شاری كفریی كوردستانی عێراق لە كاتی دابەزین لە ماشین پێی نایە سەر مینێك‌و لەگەڵ تەقینەوەی مینەكەدا، گیانی لە دەستدا.

كاوە كوڕی ئیبراهیم گوڵستان، نووسەری ناسراوی ئێرانی بوو. لە كاتی كوژراندا ٥٢ ساڵ تەمەنی بوو. كاوە ئەندامی تیمێكی ٤ كەسیی BBC بوو كە بۆ وێنەگرتن لە ڕووداوەكانی كوردستانی عێراق هاتبووە ئەو ناوچەیە.

كاوە گوڵستان هەر وێنەگرێكی بە ناوبانگ نەبوو، فیلم هەڵگرو ڕۆژنامەنووسێكی بە تواناش بوو. مەسعوود بێهنوود وتەنی ئەو بە دووربینەكەی خۆی كاری هەزاران ڕاپۆرت‌و وتاری دەكرد. پاش سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌و هاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامی، كاوە سەردانی كوردستان، توركمەن‌سەحرا، ئەهوازو ئابادانی كردو زۆر وێنەی بە نرخی لە ڕووداوەكانی ئەو سەردەمە گرت. كاوە لە دیمەنەكانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران‌و عێراق، كارەساتی هەڵەبجەو ڕووداوە سیاسی‌یەكانی نێوخۆی ئێرانیش زۆر وێنەی گرتن كە سەرنجی دنیایان بۆ لای خۆیان ڕاكێشا. ئەو خۆی گەیاندە ئەفغانستانیش‌و لە كاتی شەڕو دوای شەڕدا وێنەو ریپۆرتاژی جوانی لە سەفەر بۆ ئەو وڵاتە ئامادە كرد.

چوار ساڵ لەمەوبەر سەبارەت بە ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك لە سەر سانسۆر لە ئێراندا، خەڵاتی پۆلیتزێری وەرگرت. كاوەی گوڵستان چەند ساڵێك بوو كاری وێنەگرتنی بۆ BBC دەكرد.

**بە بۆنەی كۆچی ناوەختی، ئەویش بەو شێوەیە دڵتەزێنە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو كەس‌و كاری‌و لە ڕۆژنامەنووسانی وەك خۆی تینووی ئازادی‌و حەقیقەت**

## خوا وەڕاستی نەگێڕێ

**پێشبینی‌یەكەی ئێریش كاستنیر:**

**لە ژوئیەی ٢٠٠٣دا مرۆڤایەتی لەنێو دەچێ!**

ڕۆژنامەی هولەندیی NRC Handelsblad

٢٢ی مارسی ٢٠٠٣



شاعیری ئاڵمانی ئێریش كاستنیر ٧٣ ساڵ لەمەوبەر، لە شێعرێكی خۆی دا پێشگۆیی‌یەكی سەرنج ڕاكێشی كردوە كە بە سەرنجدان بە ڕووداوەكانی دنیای ئەمڕۆ، بە تایبەتی شەڕی ئەمریكاو هاوپەیمانانی لەگەڵ عێراق، زۆر كەس ترسی ئەوەیان ڕێ نیشتوە كە ئەم پێشگۆیی‌یە وەڕاست بگەڕێ. ئەو شاعیرە ئەڵمانی‌یە ساڵی ١٩٣٠ لە شێعرێكی خۆی‌دا گوتی:

**"لە ١٢ی ژولای(ژوئیە)ی ٢٠٠٣دا، ڕادیۆ ئەم هەواڵەی لە هەموو جیهان دا بڵاو كردەوە كە بەشی بۆمبارانی پۆلیسی هەوایی، هەموو مرۆڤایەتی لە نێو دەبا."**

كاستنێر تەنانەت ئەوەشی گوتوە كە فڕۆكەكان لە بوستۆنەوە دێن.

دیارە تەیارەكانی ئەمریكا ئەگەرچی لە بوستۆنیشەوە هاتوون، بەڵام بە پێی پێشگۆیی‌یەكەی ئەو شاعیرە نەجووڵانەوەو چەند مانگ زووتر دەست بەكار بوون! ڕوونیش نیە ئێریش كاستنێر، هەر لەبەر كێشی شێعرەكەی ئەم تاریخەی وەك ڕێكەوتی دنیا خراپ بوون هەڵبژاردوە، یا بەڕاستی شتێكی بە مێشكی‌دا هاتوە.

ئێریش كاستنێر ساڵی ١٨٩٩ لەدایك بووەو ساڵی ١٩٤٧ كۆچی دوایی كرد. ماموستای هونەری شانۆگەری بوو، بەڵام شێعرو چیرۆكی منداڵانیشی دەنووسی. پاش ١٩١٨ بوو بە پاسیفیست‌و دوایەش بوو بە دژە فاشیستێكی چالاك‌و بیروڕاكانی بە تەنز بڵاو دەكردەوە.

ساڵی ١٩٣٣ كە هیتلێر دەسەڵاتی گرتە دەست، پێشی بڵاو بوونەوەی ئەو كتێبانەی گرت كە بە دژایەتی لەگەڵ شەڕدا نووسرابوون. كاستنێر بۆ خۆی چاوی لێ بوو كە نازی‌یەكان كتێبەكانیان سووتاند. چاپ‌و بڵاو كردنەوەی كتێبەكانی لە ئەڵماندا قەدەغە كرا، بەڵام دواتر بڵاوكەرەوەیەكی سویسیی پەیدا كرد كە ئامادە بوو ئەم كارەی بۆ بكا. ساڵی ١٩٤٢ بە یەكجاری نووسینی لێ قەدەغە كرا. بەو حاڵەش هەر لە ئەڵمان مایەوە، چونكە نەیەویست دایكە نەخۆشەكەی بەجێ بێڵێ. دوای ١٩٤٥ دەستی كردەوە بە نووسین. دوا ساڵەكانی تەمەنیشی لە نەخۆشخانەكاندا تێپەڕ كرد. چونكە تووشی ئازارە باریكە (سل) ببوو.

سەرچاوە: سایتی"اخبار روز"

## دولفینی بەستەزمانیش لە شەڕەوە دەگلێنن!



كەڵك وەرگرتن لە گیانلەبەران بۆ شەڕەكان مێژوویەكی دووردرێژی هەیە. بەڵام كەڵك وەرگرتن لە گیانلەبەرە دەریایی‌یەكانی وەك دولفین لە شەڕەكاندا، زۆر كۆن نیە. "ڤیكتۆر ڕێنەوا" لە فەرماندەریی ناوەندیی ئەمریكاوە ڕای‌گەیاندوە كە هێزە هاوپەیمانەكان دوو دولفینی دەستەمۆیان لە گەڵ خۆیاندا هێناوە تا لە دۆزینەوەی بۆمبە دەریایی‌یەكان لە نزیك بەندەری"ئومقەسر" دا یارمەتییان بدەن. ناوبراو گوتی ئێمە ئەو دولفینانەمان وا ڕاهێناوە كە مینەكان بدۆزنەوە، بەڵام خۆیان لێ نەدەن نەوەك بتەقنەوە. دولفینەكان ناویان"ماكایی"و"تاكوما"یە.پسپۆرێكی مینە دەریایی‌یەكان گوتی: لە كاتی دۆزینەوەی مینەكاندا، ئەم دۆلفینانە مەترسی‌یەكی زۆریان لە سەر ڕێ نیە. بەڵام دولفینە خۆوڵاتی‌یەكان جێگای نیگەرانین، چونكە لەوانەیە هێرش بكەنە سەر دولفینەكانی ئێمەو ڕایان دەن.

پێویستە بگوترێ هێزی دەریایی ئەمریكا لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ەوە لە ئاژەڵە گواندارەكان بۆ عەمەلیاتی جۆراوجۆر كەلكی وەرگرتوە. لەو دەیەیە دابوو كە لێكۆلەران بۆیان دەركەوت ئەم جۆرە ئاژەڵە دەریایی‌یانە بۆ دۆزینەوەی مین لە ژێر ئاودا هۆش‌و توانایەكی سەیریان هەیە.

رادیو فردا

**لە شەڕدا هەڵەی سەیرو سەمەرە ڕوو دەدەن!**

ئەمریكا بە هەڵە وڵاتی ئوسلۆونی لە ڕیزی هاوپەیمانانی خۆی لە شەڕی عێراقدا ناو بردو تەنانەت هێندێكیش یارمەتیی ماڵیی بۆ تەرخان كرد. بەڵام پاش ئەوەی بە سەدان كەس لە خەڵكی ئە وڵاتە ڕژانە شەقامەكان تا ناڕەزایەتیی خۆیان لە پەیوەست بوونی وڵاتەكەیان بە هاوپەیمانان دەربڕن، سەرۆك وەزیری ئوسلۆونی ناچار بوو وەقسە بێ‌و بڵێ، ئەمریكا هەڵەی كردوەو لێی تێك چووە. ئەمریكا تەنانەت ٤ میلیۆن‌و ٥٠٠ هەزار دۆلاریشی وەك یارمەتی بۆ ئەو هاوپەیمانەی خۆی تەرخان كردبوو!

سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا

## ئەی چاوەڕێ!

**بەر لە ماڵاوایی**

ئەحمەد قادری

**چەند بەشێك لە پەخشانێك**

**بە بۆنەی ١٠ی خاكەلێوە (ڕۆژی شەهیدان)**

ئەی ڕێبواری نەحەساوەی ڕێگای نەجات! گڕو بڵێسەی گڕكانی كوورەی خەبات! ئەی مزگێنیدەری داهاتووی گەش‌و ڕوون! ئەی چرای ڕێ ڕوون كەرەوەی شەوی چەتوون! ئەی مشخەڵی داگیرساوی ڕێگای ئەستەمی ڕزگار بوون!

ئەی ئەستێرەی ورشەداری ئاسۆگەی ژین! ئەی هەوێنی گەشەی ئەوین! ئەی شەهیدی ڕێی ئازادی! تاوێنەری بەستەڵەكی زستانی تووشی بێدادی! ئەی شاگوڵی باخچەی ئاوات! ئەی ئامیان‌و دەستمایەی شۆڕش‌و خەبات! تارێنەری تەمی ڕۆژانی بن دەستی! پەیكی پەیامی سەربەستی!

❀❀❀❀

ئێستا ناوی پیرۆزی تۆو، هەموو سوور پۆشانی دیكەی ڕێگەی خەبات، بەستەو وێردی سەرزمانە. لە خوێندنگەو قوتابخانە، وانەو دەرسی منداڵانە. ئێستا ناوی پڕ لە سەروەری‌و شانازیت، گەلان فەخری پێوە دەكەن. بۆتە سەر تۆپی گوڵان‌و كیژان لە بەرۆكی دەدەن. ئەگەر جاران جگەر گۆشەی دایك‌و بابێكی خێزان بووی، ئێستا لە نێو دڵی گەل دا، مەشخەڵێكی داگیرساوی. گەشەی ئەستێرەی هیوای‌و، تیشكی گەشی خۆرەتاوی. بۆ هەموو دایكانی كۆمەڵ، ترپەی دڵ‌و، هێزی ئەژنۆو، سۆمای چاوی.

ئێستا ناوت لە بەرزی‌دا هاوتای كۆیەو، بە زیندوویی هاوڕێمانی. لە ڕۆژانی پڕ لە ئاستەنگ‌و تووشی‌دا، هەنگاو هەنگاو لەگەڵمانی.

ئێستەش نركەو نارەتەو گوڕەی شیرانەت، عەزم‌و ئیرادەی مێرانەت، خەوی ئازادی خنكێنان دەتەرێنێ، دڵی دوژمنانی ئاشتی دەلەرزێنێ. ئێستا ئەوەی لە نێو كۆمەڵ بەرزە ناوە، تاجی سەرەو، بە خوێنی خۆی، داری ئازادیی ئاو داوە؛ مێدالی فەخرو شانازیی لە سەر سینگ‌و بەرۆك داوە، بە سەر بووكی ئازادی‌دا، شاباشی خوێنی هەڵداوە؛ هەر تۆی‌و ناوی پیرۆزت، تاسەو تامەزرۆیی‌و سۆزت.

❀❀❀❀

خەمت نەبێ، ئەستێنانی تۆڵەی خوێنی گەش‌و پاكت، ڕێبوارانی ڕێگای دوا ڕۆژی ڕووناكت، هاوپەیمانانی پێشەوای سەرۆك كۆمار، قوتابیانی قوتابخانەی قاسملووی ماموستاو سەردار، ڕێڕەوانی دوكتور شەرەفكەندیی ناودار، پێوەرانی ڕێگای سووری بە هەزاران شۆڕە سوار، ئەویندارانی بە ناوی خەملاو بە وشەی ئازادی، پچڕێنەرانی كەلەپچەو زنجیری زوڵم‌و بێدادی، لە سەنگەری بەرگری‌دا، خاوەن ئیرادەو جەسوورن، لە سەر وەدیهێنانی ئامانجی بەرزت هەروا سوورن

❀❀❀❀

خوێنی گەشت دڵۆپ، دڵۆپ، بۆتە نەوت‌و گڕكانی تۆڵە دەگرێنێ؛ بەختی دوژمنانی ئاشتی، شەوو پەرەستان دەسووتێنێ؛ دەبێخەم بەو تیر تیر بنوو، هاوخوێنانی خاوەن بەڵێن، كیژو لاوی تۆڵە ئەستێن، سامی شەوی ئەنگوستە چاو تێك دەشكێنن، باخچەی ئاوات‌و ئامانجت دەخەملێنن، چەپكە گوڵی نەورۆزی ئازادیت، بە دیاری بۆ دێنن.

خاكەلێوەی ١٣٨٢